YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٦٤ی ئەیلول ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.64.September.2024

# هەڵبژاردن چی دەگۆڕێ

یادنامە

یەکێ لەهەرە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی هەڵبژاردن و حکومی سندوقەکانی دەنگدانە ، کە بە مانای حکومی گەل و تاکەکان دێ ، کە بۆ هەر چوار ساڵ جارێک حیزب و لایەنەکان لە ڕێگەی کاندیدەکانیانەوە کێبڕکێ دەکەن تا بگەنە ناو پەرلەمان و بە گوێرەی بەرکەوتەیان بەشداربن لە پێکهێنانی دەستەڵاتەکانی تردا ، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بە گشتی دەستەڵاتەکان دەکەونەوە بەردەم حوکمی گەل .

لە کوردستان بەهۆی لاوازکردنی پەرلەمان و ڕۆڵی وەک ناوەندی یاسادانان و چاودێری متمانەی لەدەست داوە ، تاک بێهیوا بوە کە دەنگی ڕۆڵی هەبێت ، بەڵام دواجار هیچ ڕێگەیەک نیە بۆ تاک تا بتوانێ ڕۆڵی هەبێت لە دانانی کارئەکتەری ناو دەستەڵاتەکاندا ، واتا ڕێگاکانی تر بۆ ئێستای هەرێم دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات بەرەوخراپتر دەڕوا ، هەر لە کودەتاوە تا ڕاپەڕینی گشتی چونکە هەرێم لە دۆخێکی تەواو مەترسیداردایە ، بۆیە دەبێت بەردەوام بین لە خەباتی پەرلەمانی و هەمومان بەشداری بکەین ودڵخوازمان هەڵبژێرین یان دەنگەکان سپی بێت ، گرنگە بەشداربین تا بیسەلمێنین کە دەتوانین دوای سست بون هێشتا ئەم ڕێگایە هیوایەکە بۆ چاککردنەوەی ئەم دۆخە کە پڕە لە گەندەڵی و نادامەزراوەیی و شڵەژاوی.




# پاییز! پاییز!

بووکی پرچ زەرد!
من مات، تۆ زیز:
هەردوو هاودەرد!
من فرمێسکم، تۆ بارانت؛
من هەناسەم، تۆ بای ساردت؛
من خەم، تۆ هەوری گریانت،
دوایی نایە: دادم، دادت،
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز!
پاییز! پاییز!
شان و مل ڕووت،
من مات، تۆ زیز،
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگریین
ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگریین
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگریین،
بگریین... بگریین... چاومان نەسڕیین،
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز!
گۆران



عەولە سیسی چاپچی ... ل٢
هەلبژارن و گەمەی هاوسەنگی هێز ... ل٣
١٥ کورتیلە چیرۆک ... ل٥
ولیەم یوحەننا ... ل٦
دەستلەکارکێشانەوە، وەک وانە وپەند ... ل٧
تانیشک بچووکترین وەرگری دکتۆرایە لە جیهان ... ل٨
بۆئاواتەکەی کاساوان ... ل٩
هەڵبژاردن هەنگاوێک بۆ گۆڕانکاری، یان مانەوە لە ڕەوشە شپرزەیی و ناجێگرەکاندا ... ل١٠
نیگارێك لەشنەی با ... ل١١
قەڵەمی سیحراوی ... ل١٢
ژنانی شێوەکار لەشاری سلێمانی ... ل١٣
فەنا بوون ... ل١٨
کەرکوکو دواخستنی سەرژمێریی ... ل١٩




# عەولە سیسی چایچی - سیمبۆڵی خۆپیشاندانەکەی بەردەرکی سەرا

ڕۆژی 06-09-1930 لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا لەگەڵ چەندین خۆپیشاندەری تردا شەهید بوو. عەولە سیس لە کاتی شەهیدبوونیدا تەمەنی 29 ساڵ بوو. عەولە سیس وەک سیمبۆڵی خۆپیشاندانەکەی بەردەرکی سەرا ناوزەد دەکرێت و کە باسی بەردەرکی سەرا و خۆپیشاندانەکەی ساڵی 1930 دەکرێت، ناوی عەولە سیس وەک فیگەرێکی گرنگی ئەو خۆپیشاندانە دێتەئاراوە.


**کوردپیدیا**



# ژەنەڕاڵی پاییز

منم ژەنەراڵی پاییز
منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو..
ژەنەڕاڵم..ژەنەڕاڵی هەزارەها داری رووت و
ملیارەها گەڵای وەریو
منم ژەنەڕاڵی پاییز..
کاسکێتەکەی سەرم هەورەو
ئەستێرەکانی سەر شانم چەند گەڵایەك
بە رەنگی زیو
پاڵتۆی بەرم کزە بایەو
شمشێرەکەم لقی درەختێکی رزیو
من ژەنەرالی پاییز
درەختی رووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم
منیش نازناوی شەهیدم دا بە گەڵای هەڵوەریو و
کردمە تاکە ئازیزم
لە یەك ساتا خۆم کۆرپەی گەڵا رێزان و
هەر خۆشم باوکی پاییزم
*منم ژەنەرالی پاییز
خوێنێکی زەرد بە نێو دەمارما ئەگەڕێ و
چاوم هەر وەك هەور نمناك
تەنیا من بووم کە لە تابووتی شووشەدا
چەندین گەڵام سپارد بە خاك
منم ژەنەرالی پاییز
من بووم لەگەڵ زریانی بیر چوونەوەدا
کەوتمە جەنگ و
زۆر گەڵام دەرهێنا لە چنگ
من بووم شەوی گەڵاکانم
خستە ژێر باڵی تریفەو ورشەی گزنگ
منم ژەنەرالی پاییز
پاییز بە بێ من هەتیوەو
من بووم وتم بەڵێ تەرمی نسێی سەوزە..
گەڵای وەریوی کۆچکردوو
تەنیا منم لە میحرابی پاییزدا
بۆ گیانی زیندووی گەڵاکان
نوێژی شەهید دائەبەستم.. ناوی نانێم نوێژی مردوو..

**محەمەد عومەر عوسمان**



# هەڵبژاردن و گەمەی هاوسەنگی هێز

## د. کامەران مەنتك



هەڵبژاردنی ئەمجارەی هەرێم هەڵبژاردنێکی ئاسایی نییە ولە دۆخێکی ناوخۆی وهەرێمی وجیهانی زۆر ئاڵۆزدا بەڕێوە دەچێت، بۆیە ئەگەر هێزەکانی باشوور بەرپرسیارانە مامەڵە نەکەن ولەو دۆخە هەستیارە تێنەگەن، هەڵبژاردن لە جیاتی ئەوەی رێگەیەك بێت بۆ دەستاوەستکردنی دەسەڵات و هێنانە کایەی کەشێکی سەقامگیر، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و دەکرێت دەرئەنجامی چاوەڕوان نەکراوی لێبکەوێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەوەمانزانی مەنزومەی هەرێمی، کە دوای رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات تا رادەیەك، ئەگەر نەڵێین هەڵوەشایەوە، دەتوانین بڵێین زۆر لاواز بوو، ئێستا خۆی گرتۆتەوە ودەوڵەتی قووڵ لە پشت پەردەوە خەریکی خۆرێکخستنەوەو بەهێز کردنەوەی ئەو مەنزومەیەن، دیارە، بەهێزبونەوەی ئەو مەنزومە هەرێمییەش لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانی هاوسەنگی هێزەیە، کە لە ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت، هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کورد لەم گۆڕانکاریانەدا دەبێتە زەرەرمەندی یەکەم، چونکە دەوڵەتە هەرێمییەکان سەرباری بوونی کەموکوڕی وقەیرانی زۆر، دامودەزگای نیشتمانی و ئەزموونی حوکمدارییان تا ئەو رادەیە هەیە، کە بتوانن هێزو سەرچاوەکانی هێزی خۆیان رێکبخەنەوەو لەپێناو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان بەکاری بهێنن، بۆنمونە، دەوڵەتێکی وەکو ئێراق، سەرباری ئەو هەموو قەیرانەی تیایدا دەژیت، رۆڵێکی کارا لەو مەنزومە هەرێمییە دەگێڕێت ودەیەوێت وەك ئامرازێك بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی ئێراق سوودی لێوەربگرێت.

ئەم هەڵبژاردنە یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمە دوای راپەڕین، کەوا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئێراق بەڕێوەی دەبات، ئەمە لەلایەك شکستی دەزگاکانی هەڵبژاردنی کوردی دەگەیەنێت، کە بەکردەیی لەلایەن دادگای فیدراڵی هەڵوەشێنرایەوە، دوای ئەوەی وەك پەرلەمانی کوردستان، کورد خۆی لەسەر نوێکردنەوەی نەگەیشتنە رێکەوتن، لەلایەکی تر، بۆیەکەم جار ئێراق دەیەوێت لەرێگەی کۆمسیۆنەوە هەژموونی خۆی بەسەر هەڵبژاردنەکانی هەرێم بسەپێنێت، هەرچەندە بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردی، دوای بێهودەبوون ومتمانە نەمانی بەهەڵبژاردنەکان، پێی وایە ئەمە کارێکی باشەو دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاك وبێگەرد لە هەرێم بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەوەی لە یاد چووە، کە ئەو ئێراقەی لەدوای دانانی دەستووروەوە تاوەکو ئێستا کار لەسەر لاوازکردنی هەرێم دەکات، ساویلکەییە ئەگەر واتێبگەین، کە ئەو بەجدی دەیەوێت هەڵبژاردنێکی لەو شێوەیە لە هەرێم بەڕێوە بچێت، بەپێچەوانەوە، ئەمە بە دەرفەتێکی لە بار دەبینێت بۆئەوەی هەڵبژاردنی هەرێم وەك ئامرازێك بەکاربێنێت وسەقامگیری کوردستان بەرەو ئاژاوەو قەیرانێکی وابەرێت، کە رێگەی بۆ خۆش بکات، بەناوی گەڕاندنەوەی شەرعیەتەوە، هێزەکانی خۆی بێنێتەوە هەرێم ودەست بەسەر هەموو کایە گرنگەکاندا دابگرێتەوە، کە بەداخەوە بەهۆی ئەو دۆخەی لەهەرێم خولقاوە، هەر لەدۆخی ئابووری وکۆمەڵایەتی ودەروونییەوە، تا دەگاتە نەمانی متمانە وئینتیمای نیشتمانی، رێژەیەکی زۆری کۆمەڵگەی باشوور بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو هەنگاوە دەکەن!.

سەیر لەوەدایە زۆرینەی هێزو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، هەڵبژاردن ببێتە هۆی گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە ناوەخۆدا، بە بێئەوەی ئەوە لێکبدرێتەوە، کە هاوسەنگی هێز لە هەرێم پەیوەستە بە نەخشەی هاوسەنگییەکی هێزی هەرێمی وجیهانی وا،

کە لە ماوەی سی وسێ ساڵی رابردوودا رێگەی نەداوە هاوسەنگی هێز لە هەرێم بەلایەکدا بکەوێت، ئێستا چۆن رێگە دەدات! لەبەرئەوەی بەلاداکەوتنی هاوسەنگی هێز بەلایەکدا، کێشەی ململانێی ناوەخۆ تا ئەو رادەیە رێکدەخات، کە بتوانێت دەستی دەرەکی لەناو هەرێمدا لاواز بکات! بێگومان ئەمەش کارێکی ئاسان نییەو پێچەوانەی دۆخی هەرێمییە، بۆیە دۆخەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترو مەترسیدارە، وەك لەناو هێزە سیاسییەکان ومیدیاکانی باشوور قسەی لەسەر دەکرێت. ئێستا لە باکوورەوە تورکیاو لە باشوورەوە ئێراق، بە گەرمی کار لەسەر داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی ئێراق وهەرێم بەتایبەتی دەکەن، تورکیا لە باکوور هەنگاوەکانی بۆ داگیرکردنی ئەوناوچانەی بەستراتیژی دەزانێت خێراترکردووە وەك خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، دەیەوێت هەموو ئامانجەکانی بێنێتەدی وقوفڵی بکات. ئێراق دەیەوێت ئەوەی لە هەرێم دەمێنێتەوە دەستی بەسەردا بگرێت، وەك کورد دەڵێت، کە کەلەش کەوتە گۆڕێ داڵاش زۆر دەبێت، لە ئێستادا هەموو داڵاشەکان لەدەوری کوردستاندا دەخولێنەوە!.

زۆرجار ئاماژەم بەوە کردووە، کە یەکێك لە کێشە گەورەکانی کورد، ئەوەیە تاوەکو ئێستا لەکێشەکەی خۆی نەگەیشتووە، ئەو ململانێییەی ئەمڕۆ لەناو هێزەکانی باشوور، تەنانەت لەناو کۆمەڵگەی کوردی لەباشوور بەڕێوە دەچێت، ئەو بۆچوونەمان زیاتر دەسەلمێنێت وئەوە دەردەخات، کە کورد نەك تەنیا لەپەراوێزی رووداوەکاندا دەژیت، بگرە نەیتوانیوە لەدەرگای چوونە ناو زەمەنی مێژوویش بدات، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت، بەداخەوە ئەوە روون دەکاتەوە، کە چارەنووسێکی نادیار نەك تەنیا چاوەڕوانی باشووری کوردستان دەکات، بگرە هەموو کورد دەکات ولەم قۆناغەی داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێزی جیهانیدا، هاوشێوەی قۆناغەکانی پێشووتر شوێنێك بۆ کورد ناکرێتەوە، لەمەشدا کورد خۆی بەرپرسی یەکەمەو نەیتوانیوە هێزو سەرچاوەکانی هێزی خۆی لەسەر بنەمایەکی جیۆستراتیژی رێکبخاتەوە دەزگایەکی نەتەوەیی وا دابمەزرێنێت، کەبتوانێت وەك یاریزانێکی چالاك یاری لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بکات، تاوەکو لەسەر ئەو بنەمایەش بیر بکاتەوە، هەزار ساڵی ترو هەزار راپەڕین وخەباتی تر بکات، ناتوانێت لەو چارەنووسە سیزیڤییە رزگاربێت، کە بەردەوام رووبەڕووی دەبێتەوە!.

بۆیە هەرچەندە ئومێدی زۆر لەسەر ئەو هەڵبژاردنە هەڵدەچنرێت، بەڵام جێگەی داخە بڵێم ئەو ئومێدانە تراویلکەیین وهەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە، چۆن نەتەوەیەك دەتوانێت پشت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ببەستێت، لەکاتێکدا خۆی سادەترین کەرەستەکانی هەڵبژاردن، کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە،نییەتی! تواناى یەکتر قبووڵکردنی لەژێر خاڵی سفردایە، ئەمە وا دەکات ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، هەڵبژاردنەکەش بە پاك وبێگەردی دەکرێت، قبووڵکردنی ئەنجامەکانی هەرگیز بەو شێوەیە نابێت، کە چاوەڕوان دەکرێت، کە ئەمەش وەك ئاماژەی پێکرا، ئەگەرەکانی دارمانی دۆخەکە زیاتر دەکات، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو پێشبینییەی، لەو چەند مانگە کەمەی دادێت، لە پەنای هەڵبژاردنەوە قەیرانێکی زۆر گەورەتر روو لەهەرێم دەکات.



# لەیادی (مامۆستا نەجمەدین مەلا) دا و بەسەرکردنەوەی دوو نووسینی جوان و بەنرخ کە لە سەردەمی ژیانیدا دەربارەی ئەو نووسراون

بەشی یەکەم :

مامۆستا گۆرانی شاعیر لە شیعرێکیدا کە بۆ دەروێش عەبدوڵڵای نووسیوە ئەفەرموێت :

بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا
بەڵام تەختی ڕوفاهو تاجی حورمەت ، میللەتی هوشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ ، لەناو شمشاڵی کون کوندا

بڕوا ناکەم لەدنیادا هیچ میللەتێک هێندەی میللەتی کورد بەچاوێکی کەم بایەخەوە لەگەورەپیاوو کەسە بەهرەمەندەکانی خۆی بڕوانێ و زیندووکوژی مردووپەرست بێ مامۆستاهێمنی شاعیر چەندە جوانی فەرمووە :

هەتا ما کراس نەبوو لە بەریا
کە مرد ئاڵایان ئەکرد بە سەریا

ئەوکەسایەتییە دیارو ناسراوانە کە بەردەوام ماندووبوون و شەویان خستۆتە سەر ڕۆژ بۆخزمەتی نەتەوەکەیان ، بەڵام داخی گرانم لەپاداشتی ئەوەدا ئەبێ نەک چاوەڕێی چاکەو هاوکاری و ڕێزگرتن لە میللەتەکەیان نەکەن بگرە ئەبێ ترسی ئەوەیان هەبێ خراپەشیان بەرامبەر نەکرێ و ناووناتۆرەیان لێ نەنرێ وتوانجیان لێ نەدرێ و بوختان وقسەیان بەدەمەوە هەڵنەبەسترێ ،

هەروەک ئەو کارە قێزەونانەی بەرامبەر مێژوونووسی گەورەی کۆچکردوو حسێن حوزنی موکریانی کردیان پاش ئەوهەموو هەوڵ وماندووبوونەی لەبواری خزمەت بەزمان ومێژووی کوردو هێنانی چاپخانەیەک لەسەرحسابی گیرفانی خۆی بۆکوردستان ، کەچی بە سیخوڕ و بەکرێگیراوی ئینگلیز درایە قەڵەم و دوای مردنەکەشی لێینەگەڕان ، بۆیە بەتەنیاو بێکەسی سەری نایەوەو پاش ئەوەی زۆر بەبێنازی لاشەکەی ئەبرێ بۆ گۆڕستان

تاقەکەسێک کە شیوەنی بۆئەکاو بەکوڵ بۆی ئەگری مامۆستا هەژار موکریانی شاعیرو نووسەو وەرگێڕی گەورەی کورد بوو ،

ئەمە تراژیدیای مردنی کەسێکە یەکەم چاپخانەی هێنایە کوردستان و پەنجا کتێبی نووسین و وەرگێڕانی لەدوای خۆی جێهێشت ..

ئەوهەموو دژایەتیەی بەرامبەر نالی وحاجی قادرو مەولاناخالیدی نەقشبەندی ئەکران تاکو دواجار سەری خۆیان هەڵگرت و لەغەریبی سەریان نایەوە .

یان ئەوهەموو دژایەتیەی بەرامبەر قانعی شاعیری چەوساوەکان و پیرەمێرد کراوە لەلایەن خەڵکانی نەزانەوە .


لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جاران کە خەڵک زۆر دواکەوتووتربوون بەڵام هەر لەئێستا باشتر بوون چونکە دوای مردنی ئەوکەسایەتیانە خەڵک بەخۆیاندا ئەچوونەوەو لەوکارانەیان پەشیمان ئەبوونەوە کەبەرامبەریان کردوویانەو جا ڕێزیان بۆدائەنان و دوای مردنیان یادیان ئەکرایەوە ، کەچی داخی گرانم ئێستا بەحساب خەڵک لەجاران هوشیارترو خوێندەوارترن کەچی دوای مردنی ئەو بەهرەمەندانەش دڵیان داناچڵەکێ و گوێیان پێ نادەن ، باشترین نموونەش بۆئەوە ، مردنی مامۆستا ڕازیی شاعیرو ، نووسەرو وەرگێڕ دکتۆر عەزیز گەردی و کەریم زەندو ڕەوف حەسەن و کەژاڵ ئیبراهیم خدرو ئیسماعیل سابووری و گۆڤار ئەنوەر وچەندینی ترن کە بینیمان چ لە نەخۆش کەوتنیان و چ لە پرسەو بەڕێکردنیان بۆ گۆڕستان چەندە فەرامۆشکراوو بێنازبوون .

یەکێک لەو کەسایەتیە گەورەو بەهرەمەندانەی کورد کە تاکو ئەوڕۆژەی کۆچی دوایی کرد بەهەژاری ونەداری و سەرجەم خەم وکێشەکانی ژیانیشیەوە کەچی تادوا هەناسەی لەخەمی میللەتەکەی و خزمەت کردن بەکۆمەڵگاکەی دانەبڕاو بەبێ چاوەڕوانی هیچ چاکەو پاداشتێک گەورەترین خزمەتی بە نەتەوەکەی و زمانەکەی کرد کەچی تاکو نەمرد ڕێزی لێ نەگیراو ئاوڕێک لەژیانی هەژارانەی ئەو مرۆڤەمەزنە نەدرایەوە بگرە زۆربەی جار لەلایەن کەسانی نەزان ودەروون نەخۆشەوە سووکایەتیی پێکراوەو منداڵانیان لێ هانداوە بەردبارانی کەن ، لەکوێش ، لە ناو قوتابخانەکەی خۆیدا کەبە خۆڕایی وبێ هیچ پاداشتێک بەهەزاران خەڵکی فێری خوێندەواری ئەکردو ژیاننامەو بەرهەمی دەیان و سەدان شاعیری کوردی لەفەوتان و لەناوچوون ئەپاراست و کۆی ئەکردنەوەو لای خۆیەوە لە کەشکۆڵەکانیدا بەدەست وخەتە خۆشەکەی ئەینووسینەوەو لای خۆی ئەیپاراستن .

ئەوکەسایەتیە گەورەوپایەدارەش (مامۆستانەجمەدین مەلا) یە .

گەرچی لەدوای مردنی ، بەومردنە خەمناک وترسناکەش کەلەژووری فێرگەکەیدا کەناوی نابوو (کەشتی نوح) دوای چەند ڕۆژێک و بۆگەن کردنی لاشەکەی ئینجا پێی زانراو ئاوڕ لێ درایەوەو لەسەری نووسراو یادی کرایەوە ، بەڵام تازە پاش چی ؟؟

بەڵام لە هەموو کات وسەردەمێکدا کەسانی ڕۆشنبیرو عەقڵ کراوە هەرهەبووە کە ڕێزی گەورەیان بۆ ئەوکەسایەتیانەی میللەتەکەی خۆیان داناوەو لەسەریان نووسیون و لۆمەی خەڵکیشیان کردووە لەسەرئەوەی ڕێزیان لێ ناگرن .




من لێرەدا پێم خۆشە دەقی نووسینی دوونووسەری کورد بخەمە پێش چاوی هاوڕێ وئازیزان کە لەسەر مامۆستا نەجمەدین مەلایا نووسیوە بەرلە مردنی بەچەند ساڵێک و کارو چالاکی وخزمەتەکانی ئەو پیاوە بەهرەدارە مەزنەی کوردیان بەرز نرخاندووەو لۆمەو سەرزەنشتی خەڵکیان کردووە کە نرخی ئەوگەوهەرە نازانن و هاوکاری وخزمەتی ناکەن بەپێی پێویست بگرە زۆرجاریش لەلایەن منداڵە وردکەو کەسانی هەرزەوە بەردباران وسووکایەتیی پێ ئەکرێ ، ئەوانیش مامۆستا (فەرەیدوون عەلی ئەمین) ی شاعیرو نووسەری خامەزێڕین و (توانا) ناوێکە ،

بایەخی ئەم دوو نووسینە لەوەدایە لەسەردەمی ژیانی مامۆستانەجمەدین مەلادا نووسراون و بۆخۆی هەردووکیانی بینیوەو خوێندوویەتیەوە ، چونکە لەهەمان ئەوڕۆژنامەیەدا کە ڕۆژنامەی (ژین) ە بڵاوکراونەتەوە کە بۆخۆی بەردەوام بابەتەکانی خۆی تێدا بڵاوکردۆتەوە ،

بۆیە بەلای منەوە لە هەموو ئەو وتارو شیعرو نووسینانە گرنگترو بایەخدارترە کە دوای کۆچی دوایی ئەو نووسراون .

هەردوو نووسینەکەم لەکتێبی (سەرجەم بەرهەم و بابەتەکانی مامۆستا نەجمەدین مەلا) وەرگرتووە ، ئەم کتێبە بەنرخ ودانسقەیە لەکۆکردنەوەو ئامادەکردنی مامۆستا (ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد) ە کە مامۆستایەکی دڵسۆزو ئازیزەو پاش ماندووبوون وگەڕان وپشکنینێکی زۆر و هەوڵ وتەقەلای چەندین ساڵ سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستانەجمەدین مەلای لەدوو کتێبی قەبارە گەورەدا بەچاپ گەیاندووە .

لەبەشەکانی داهاتوودا دەقی هەردوو نووسینەکە ئەخەمە پێش چاوتان .

تەها عومەر



# ١٥ کورتیلە چیرۆک
## نوسینی : هێدی گەلالی

ئەم کورتیلە چیرۆک یا چرکە چیرۆکانەم ڕەنگدانەوەی دۆخی کۆمەلایەتی ، سیاسی ، جیاوازی چینایەتی ، خۆشەویستی و ئەڤینداریین. بەشێک لە چیرۆکەکان بەتەنیا هەر زادەی بیرکردنەوەو تێرامانی خۆم نین، بەلکو دەشێ تۆی خوێنەر خۆتی تێدا ببینیتەوەو خۆم کردووە بە ئەوی خوێنەر ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە من خوێندنەوەی دۆخی تاک و کۆمەلگاو دەردە کۆمەلایەتیەکانم بەهۆی نوسینەوە بەرجەستەو ڕەنگرێژ کردووە. ڕەنگە بەشێکیش لە خوێنەران بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆیان تێدا ببیننەوە. لەباشترین باردا نوسینی هەر ژانرێکی ئەدەبی سەرکەوتنەکەی لەوەدایە کە خوێنەر نوسینەکە بە هی خۆی بزانێت بەوەی کە بزانێت ڕێک باسی قۆناغێک یا گرتەیەکی ژیانی ئەو دەکات ؛ کاتێک هەست و سۆز و کۆژان و باری ژیانی خۆی لە وشەو و دێڕ و دەستەواژەو گوزارشتی چیرۆکەکاندا دەدۆزێتەوە.

کۆژان

بە پەنجە پچوکەکەی ئاماژەی بۆ شۆستەکەی ئەوبەر شەقامەکەی بەرامبەری کرد و بە ڕوخسارێکی تەژی لە کۆژان و دەنگێکی کزەوە وتی: ئەو ژنە ڕەشپۆشە دەبینی کە مندالە ساواکەی لە باوەشە ئەوە دایکمە .دوای مردنی باوکم ژیان ناچاری کردین من واز لەخوێندن بێنم بە یارمەتی خێرخوازان ئەو ژیانە قورسە بگوزەرێنین!!

چارەنوس

ئەو بە قاتێکی شین و بۆینباخێکی سوورەوە لە پشت لاپتۆپەکەوە دانیشتوە و بڕیار لەسەر چارەنوسی گەلێک دەدا لەو مەملەکەتە بێچارەدا. دواجار شازادە ئەو بڕیارەی دەرکرد کە بۆ خۆی و دارو دەستەکەی بە قازانج گەڕایەوە و چش لە هاولاتی مەملەکەت!

جیکلاس

لەم ولاتەدا جەنجالەدا کارو پیشە قاتییە و دەستناکەوێ؛پێچەوانەی ئەوە هاوڕێکەم وتی:

ئەو ڕۆژە کچە مۆدێلێک لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاماژەی بە ئارامی مەملەکەت و زۆربونی هەلی کاری دەکرد بەوەی کە

لەماوەی یەک سالدا چەند دەفتەرێک دۆلاری ئیش کردوە و ئۆتۆمبێلێکی جیکلاسیشی کڕیوە..!!

گۆشەگیر

ڕۆژانە لە چایخانە بچوکەکەی سەربازاڕەکە دەمبینی

لە گۆشەیەکی چایخانەکەدا بەدەم جگەرەکێشانەوە دەردە دل و بێزاری خۆی دەردەبڕی و گلەییەکانی ئاڕاستەی کاربەدەستانی شارەکە دەکرد ، هەنگاوێک لێی نزیک بومەوە لێمپرسی چ کارەی؟

ئاهێکی پڕ بە سییەکانیەوە هەلکێشاو وتی

دەرچوی زانکۆم و بێکارم.

بەرپرس

لە ڕیزی پێشەوەی هۆلی کۆڕەکە دانیشتبوو کۆمەل کۆمەل خەلک دەهاتنە هۆلەکە لەماوەیەکی دیاریکراودا هۆلەکە پڕ بوو لە نوسەر و ڕۆشنبیرانی شارەکە هەموویان چاوەڕێی بەرپرسێکی بالایان دەکرد وتارێک بخوێنێتەوە!!

دوای چەند خولەکێک کاکی بەرپرس هاتە ناو هۆلەکە و ئەوانەی لە ڕیزی کورسی پێشەوە دانیشتبوون هەموویان لەبەری هەستان بەتەنیا ئەو نەبێت !! بەرپرسەکە هەستی کەموکوڕی و دلگرانی لا دروست بوو کە بینی ئەو کەسە لەبەری هەلنەستاوە ! بێ ئاگا لەوەی ئەو کەسە لەپێناو خۆشگوزەرانی و مانەوەی ئەو و سەدان بەرپرسی دیکەی تازە هەلتۆقیوو ئیفلیج بووە!

ڕەزیل

لە گەل ئەوەی باخێکی فراوان و جێ و ڕێیەکی باشیشی هەبوو جۆرەها پەلەوەر و دارو درەخت و حەوزی ماسی لە باخەکەیدا بونی هەبوو ،بەلام دەستبەرداری ڕەزیلی و قرچۆکیەکەی نەدەبوو. ببوە جێی باس و خواس لە لای هاوڕێکانی، لە ڕۆژێکی هاوینی تاقەت پڕوکێندا بڕیاری دا سێ هاوڕێی لە باخەکەی بە ماسی داوەت بکات. پێش زەردەپەڕ لەگەل هاوڕێکانیدا شاریان بەرەو شوێن باخەکە جێهێشت، لە نیوەی ڕێگاکەدا پێیوتن:

هاوڕێیان دەزانن ماسی برژاو بە هاوینان خۆش نیە با لەو قەسابەی سەر جادەکە کیلۆیەک گۆشتی گوێرەکە بکڕین!

ئێجە

هەرچی ئالتون و کەلوپەلی مالەوەیان بو لە پێناو گەیشتنی کوڕەکەیان فرۆشتیان! ئیەوەی کۆیان کردبۆوە بڕێک پارە بو. لێرەوە کوڕەکەیان بە پیر مەرگەوە بەڕێکرد لە دەریای ئێجەدا بو بە خۆراکی نەهەنگ و ماسی...!!

قەرز

هەمو ڕۆژێ لە دوکانی دراوسێکەیاندا پاکەتێکی بە قەرز دەبرد! کاتێك گەیشتە هەندەران بە ماوەیەکی کەم بە ئۆتۆمبێلێکی دوا مۆدێل گەڕایەوە .. لە پیاسەکانیدا لە پێش دوکانی هاوسێکەیاندا تێدەپەڕی زۆر بە خێرایی لێی دەخوڕی بۆئەوەی نەیناسنەوە کە ئەوە کوڕە قەرزارەکەیە!.

نهێنی

یەکەمجاری بو پێی نابوە زانکۆ کە هاتە حەوشەکە بە شەرمەوە تەماشایەکی ئەملاو ئەولای دەکرد! بە سیمایەکی شێواوەوە دەردەکەوت. پاش چەند ڕۆژو مانگێك لە خوێندندا، دەرکەوت گورگە لە پێستی مەڕدایە!.

ژیان

ئەو بە بەردەوامی گلەیی لە ژیانی خۆی دەکا. بێزاری حەوسەلەی لا نەهێشتووە ، ڕۆژانە لەگەل بونی خۆیدا لە گفتوگۆدایە؛ با کۆلنەدا ململانێی ژیان بکا کەواتە بەربەرەکانێ بەردەوامە.

هاوڕێ

بۆئەوەی ڕاستگۆ بێت لەگەل خۆشەویستیە ئەبەدیەکەی هەمو ڕۆژێ سەردانی دەکردن لە کتێبخانەکەدا. بە درێژایی ئەو ڕۆژانە بۆی دەرکەوت ڕاستگۆترین و خۆشەویسترین هاوڕێ کە هۆگری بوو کتێب بوو...!!

سوتان

ئەوینی پەپولە بۆ چرا بە چرکەساتی مەرگ دەستپێدەکا لە چرکەساتی یەکەم ژوان جەستەی بێگەردی دەسوتێت!! بۆیە پێناسەی ڕۆشنایی بۆ پەپولە سوتانە!

هەلە

لەوەتەی بیرمان دێ دەلێن: پزیشک ئەرکێکی مرۆڤایەتیە، ئەو ڕۆژە لە ئەنجامی کەموکوڕی و کەمتەرخەمی پزیشکێکی ژن لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی ژنە نەخۆشێکی دوو گیان گیانی لە دەستدا. نەخۆشەکە چووە ژێر گل، بەلام مندالێکی هێنا دونیا.

دەستخەڕۆ

لە هەموو هەلبژاردنەکاندا کاری بۆ ئەوە کردووە کاندیدی حزبەکەی دەرچێت بۆئەوەی دوای ئەوە کە بووە ئەندام پەرلەمان دایمەزرێنێت یا کارێکی بۆ دەستەبەر بکات. کاندیدەکە دەرچوو چەند ڕۆژێک دوای دەوام کردن ژمارە مۆبایلەکانی پێشوتری گۆڕی و خۆی بەدوور گرت لە دەنگدەرەکانی!!

چاوچنۆک

بە پەلەن لە هێنانی خۆراک بۆ هاوشارەکانیان، چاوچنۆکی و بێ ویژدانیان گەیشتە ئەو ڕادەیە بە ویستی خۆیان خۆراکی هەرزان و خراپ هاوردە بکەن ،چەندە خۆراک زیاتر بێنن هێندە ژیانی هاوشارەکانیان نزیکتر دەکەنەوە لە مەرگ !!



# ولیەم یوحەننا
# William Yohanna

لە ساڵی 1934 لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی هاتۆتە ژیانەوە، ساڵی 1954 پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە بووەتە مامۆستا و زۆر هونەرمەندی گەورە و ناسراوی هونەری کوردیی، بەسەرپەرشتی ئەو فێری مۆسیقا بوون. دیارترینیان مامۆستایان ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، محەمەد ئەمین حوسێن و فرەنسیس داودن.

هەر لەپەنجاکاندا، لەگەڵ هونەرمەندان قادر دیلان، نەجاتی عەبدە، حاتەم سەعید و چەندینی دیکە تیپی مۆسیقای مەولەوییان دامەزراندووە و بوونەتە دیارترین گرووپی ئەو کاتەی مۆسیقای کوردی، ساڵی 1956 یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە شاری سلێمانی.


لە کۆتایی شەستەکانیشدا، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و بەدرێژایی تەمەنی پڕ لە بەخشیشی ئەو تیپە، مامۆستا و ئاوازدانەر بووە و گەلێ لەگوڵە ئاوازەکانی وان بەبەرۆکی گۆرانیبێژە هونەرمەندەکانی کوردەوە.

دەیان ساڵ ڕاهێنەری هونەریی بووە لە مەڵبەندی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی و هەزاران ساتی بەرخی تەمەنی بەفێرکردنی قوتابییان بەسەربردووە، هەروەها ئاوازی بۆ دەیان کاری شانۆیی داناوە.

ماوەی چەند ساڵێک بوو دەست و پەنجەی ئەو پیاوە بەهرەدارە بەهۆی نەخۆشییەوە لەژەنینی موزیک کەوتبوون، تەنانەت چاوە پڕ لەمیهرەکانی بەقورسی بۆ دەبردرانە دۆست و قوتابی و خۆشەویستانی، لەم دوو سێ ساڵەدا بەرۆح بەرزەفڕ و جەستە ماندووە، شادو سەرفراز کرا، ئەویش بەڕێزلێنان لەم کەڵە هونەرمەندە بەدرووستکردنی پەیکەرێک لەلایەن هونەرمەند بەیان مانییەوە بۆی درووستکرا، ئەوەی بەردەم گەلەریی مۆزەخانەی سلێمانی ڕازاندۆتەوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 14-09-2005 لە شاری سلێمانی مامۆستا ولیەم یوحەننا پاش تەمەنێکی پڕ لە بەرەکەت و خزمەت بۆ مۆسیقا و هونەری کوردی پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کوردپیدیا









# دەستلەکارکێشانەوە، وەک وانە وپەند

رەوف محەمەد ئالانی

دەستلەکارکێشانەوە بەمانای دەستبەرداربوون و وازهێنان لە پۆست یان کارێک کە مرۆڤ پێگەی خۆی تیا بینیبێتەوە و جێدەستی خۆی تیا دەرخستبێت.

دوو هۆکاردەبنە ئەنجامدانی دەستلەکارکێشانەوە، ئەوانیش ئەمانەن:

١-کەسێک خۆی بڕیاری دەستلەکارکێشانەوە لەکارێک یان پۆستێک بدات، جا لەبەر ڕایی نەبوون و بەدەست نەگەیشتنی ئاکامێک، یان دروستکردنی بەربەست لەلایەن کەسان و لایەنیتر، ئەویش ناچار دەکرێت دەستبەرداری پۆست و شوێنەکەی ببێت.

٢-وەرگرتنی هەڵوێست لەسەر ئەوەی هەست بە دەستخستنە ناوکار و ئیشەکانی و سنوور بەزاندن بە یاسا شکینی ، ئەوەش لە بەر بەرژەوەندی کەسی و گروپێک ئەوە ڕوودەدات.

لە هەرێمی کوردستان، لەدوای ڕاپەڕینەکەوە و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆماڵی، کەمترین بەرپرس دەستیان لە کار و پۆستەکانیان کێشاوەتەوە و بەرداوە، ئەوەی لە کاتێکی هەستیار دەستی لە کارکێشایەوە، شاعیری مەزن (شێرکۆ بێکەس)بوو کە وازی لە پۆستی وەزیری ڕۆشنبیبی هێنا لە بەر ئەوەی دەست خرایە کارو باری وەزارەتەکەی و وەڵامی ئەو بەهەڵوێست وەرگرتن و دەستی لەپۆستی وەزیری ڕۆشنبیری هەڵگرت، لەو کاتەدا ئەو دەستلەکارکێشانەوەیە دەنگدانەوەی نەبوو، ئەویش بەهۆکاری کەمی میدیا و بەربڵاونەبوونی سۆشیالمیدیا، ئەو میدیایانەی هەبوون تەنها میدیای حیزبی بوون، ئەوەش دەزانین کە میدیای حیزبی لە ئامانج و ستراتیژی بەرژەوەندی خۆی کاردەکات.

هەرئەوەشە ئامانجەکان نزم و کەم بایەخن لایان، چونکە لەبەرژەوەندی گشتی کار ناکات، بگرە زۆرجار بەرەوتی پێچەوانەوە دژی ئامانجە گەورەکەیە کە خەڵکە.

لە دوای دەستلەکارکێسانەوەکەی (شێرکۆ بێکەس) چەند کەسێکی کەم دەستبەرداری پۆست بوون، کەمترین دەنگدانەوەی هەبوە، بەڵام لەم دواییانەدا بە هۆی زۆری میدیا و بەربڵاوی تۆڕەکان، ئەو دەستلەکارکێشانەوانە، دەنگدانەوەی زۆریان هەبووە، وەک دەست بەرداربوونی(زانا عەبدول ڕەحمان) لە پۆستی قایمقامی قەزای پێنجوێن و دەستلەکارکێشانەوەکەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی لە ٢٠-٨-٢٠٢٤ کە ئەتوانم بڵێم کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و ئێستاش تا نوسینی ئەم وتارە بەردەوامە.

لە مێژووی جیهانیشدا زۆر کەسایەتی وازیان لە پۆستەکانیان هێناوە، تا ئێستاش باسدەکرێن و بە نمونە دەهێنرێنەوە، بە باشی دەزانم چەند نمونەیەک باس بکەم:

١-ریچارد نیکسۆن - سەرۆکی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی لە پۆستەکەی بەردا بەهۆی سکاندالی واتەرگەیت.

٢- فیدێل کاسترۆ - سەرۆکی کوبا کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستی لە دەسەڵات بەردا بەهۆی خراپی باری تەندروستی.

٣- بۆریس یەڵتسن - سەرۆکی ڕوسیا کە لە ساڵی ١٩٩٩ دەستی لە پۆستەکەی بەردا.

٤- رۆبێرت موگابی - سەرۆکی زیمبابوی کە لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی لە پۆستەکەی بەردا دوای کودەتایەکی سەربازی.

٥- حوسنی موبارەک، سەرۆکی میسر کە لە ساڵی ٢٠١١ دەستی لە پۆستەکەی بەردا دوای خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی.

هۆکارەکانی دەستلەکارکێشانەوە جیاوازن، وەک (گوشاری سیاسی و نارەزایەتی گشتی و کێشەی تەندروستی و دەست وەردان و سنوور بەزاندن وپاوانخوازی، .....)

ئەوەی لای من گرنگ و جیی بایەخە ئەم دەست لەکارکێشانەوەیەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانیە کە لەسەر کەیسێکی گرنگ ئەو کارەی کردوە، کە کەیسی موڵکی گشتیە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بزوتنەوەکەی ئەو کە بۆ دژایەتی گەندەڵی دروست بووە، دەکرێ ئەم دەرفەتە لەدەست نەدات و بازنەی دژایەتی کردنی گەندەڵی و پاوانخوازی بێنێتەوە سەر مێزی گفتوگۆی سیاسی وبیکاتە خاڵی وەرچەرخانی هەنگاونان بۆ سنووردانان بۆ پاوانخوازان، بە فشارخستنە سەر لایەن و حیزبەکانی ناو حکومەت، ئەگەر وەڵامیان نەرێنی بوو، گوێ بە ووتەی هەندێ کەس نەدات گوایە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنە، هەنگاوی دەستلەکارکێشانەوەی بە کۆمەڵی وەزیر و پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی و ڕاوێژکارەکانی ڕابگەیەنێت، ئەمکارە ئەو پەڕی هەڵوێستی ئەرێنی و گونجاوە، لەم دۆخە سەختەی چاوچنۆکان و تەماعکاران کە خەریکی لووشدان و وێرانکردنی نیشتمانن.

لەم بارەوە (مارک توین) وتویەتی( بەجێهێشتنی دەسەڵات و پۆست کاتێک دەزانیت کاتەکەی هاتووە، ئەوە نیشانەی ژیریە).

من لە بزوتنەوەی گۆڕان دەپرسم کە بەڕێوەبەری گشتی دەست لە کارکێشاوەی پەروەردەی سلێمانی سەر بەو بزوتنەوەیەیە، ئایا ئێوە هەر سوورن لەسەر گۆڕانکاری و بەدیهێنانی دادوەری یان نا ؟ ئەگەر بەڵێیە ئەوە کرداری ئەوێ، فەرموون ئەم دەرفەتە لەدەست مەدەن، چۆن پشتیوانی بەڕێوەبەری گشتیتان کرد، ئاواش دەست بکەن بە فشارەکانتان، لە بەر بەرژەوەندی گشتی.

وتەیەکی (نێڵسۆن ماندێلا) دەکەمە کۆتایی ووتارەکەم، کەوتویێتی:( دەستبەرداربوون لە دەسەڵات گرنگترە لە دەستگرتن بەدەسەڵاتەوە).


ئەو کاتەی دەمی شۆفل، دڵی گۆیژەی زامدارکرد،
ئەزمڕ هاواری لێ هەستا،

پیرەمەگرون زۆر تووڕەبوو، بەدەم خەوی قووڵی
هەزار ساڵە، لەخەو هەستا،

دابان، هەلاج، بەدەنگی بەرز هاواری کرد، بوومە
پشت و پەنا بۆ داستانتان،

ئەمێستاکە، شاخ و دارو چیا داگیرکرا، هۆ ناحەزان،
مێژوو لەداخا ڕاوەستا.

رەووف ئالانی



# تانیشک بچووکترین وەرگری دکتۆرایە لە جیهان..

## ڕەزا شوان





## وەرگێڕانی: ڕەزا شوان
## نەرویج: ٢٠٢٤

(تانیشک ماتیۆ ئەبراهام) لاوێکی هیندی ـ ئەمریکییە، لاوێکی پەرجۆ و ناوازەیە. بچووکترین لاوە لە جیهاندا، کە لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا، بە پلەی نایاب دکتۆرای لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا وەرگرت. تێزی دکتۆرای تانیشک لەسەر پەرەپێدانی سیستەمی زیرەکی دروستکراوە. کە لە نەخۆشییەکانی دەستنیشانکردندا بەکاردەهێنرێت. دکتۆر تانیشک ئەبراهام، شۆڕشێکی ئەندازیاریی بایۆپزیشکی لە جیهاندا بەرپاکرد.

باوکی تانیشک ناوی (بیجۆ ئەبراهام) ە، ئەندازیاری نەرمەکاڵا "بەرنامەسازی"یە. دایکیشی دکتۆر (تاجی ئەبراهام) ە. توێژەری ڤێتێرنەری یە. خەڵکی شاری (کیرالا)ی هیندستانن. لە پێناوی هەلی کارێکی باشتر و گوزەرانێکی خۆشتردا، کۆچیان بۆ ئەمریکا کرد. تانیشک ئەبراهام، لە ساڵی (٢٠٠٤) دا، لە شاری (ساکرامنتۆ) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا، لەدایک بووە. پۆلەکانی خوێندنی بنەڕەتیی لە کامپی پەنابەران تەواوکرد. لە ماڵیشەوە، دایک و باوکی وانەی تایبەتییان پێدەوتەوە.

بەپێی ریزبەندیی ساڵەکان، دکتۆر (تانیشک ماتیۆ ئەبراهام) ی پەرجۆتان پێدەناسێنین.

١- لە تەمەنی (٢) ساڵیدا: دایک و باوکی، بە تایبەتیش دایکی تێبینی ئەوەیان کردووە، تانیشک لە تەمەنی (٤) مانگیدا دەستیکرد بە نیشاندانی بلیمەتی، کە زۆر حەزی لە پەرتووکی منداڵان بوو. پەرەکانیانی هەڵدەدایەوە و بە وردی سەرنجی وێنەکانیانی دەدا. لە تەمەنی دوو ساڵیدا، هەموو ئەو شتانەی کە بیستووبوونی یان خوێندبوویانەوە، بە بیری خۆی دەهێنانەوە. هەر لەم تەمەنەدا، پرسیارە سەرەتاییەکانی بیرکاریی جێبەجێدەکرد. کە زۆر کەس ناتوانن ئەنجامیان بدەن.

٢- لە تەمەنی (٤) ساڵیدا: پەیوەندیی بە کۆمەڵەی (مێنسا) وە کرد، کە رێکخراوێکی جیهانییە، تایبەتە بە کەسانی زۆر زیرەکی باڵا لە جیهاندا. لە تاقیکردنەوەکانی ئاستی زیرەکی ستانداردی مێنسادا (٩٩،٩%) پلەی بەدەستهێنا. بوو بە یەکێک لە بچووکترین ئەندامانی مێنسا لە جیهاندا.

٣- لە تەمەنی (٥) ساڵیدا: لە ماوەی (٦) مانگدا، بە پلەی نایاب، بڕوانامەی هەر (٥) کۆرسەکەی بیرکاری وەرگرت. کە پرۆگرامەکانی پەروەردەیی بوون، بۆ فێرکردنی منداڵانی بەهرەمەند. کە زانکۆی (ستانفۆرد) ڕێکیخستبوون و پێشکەشیانی دەکرد.

٤- لە تەمەنی (٦) ساڵیدا: بڕوانامەی تەواوکردنی کۆرسی ئامادەیی و کۆلێژیی، لە بوارەکانی: کیمیا، زانستی زیندەوەرزانی، بایۆلۆژی، جیۆلۆجی دا، وەرگرت. کە بچووکترین قوتابی بوو، کۆمەڵەی (فای تیتا کاپا) بە شانازییەوە وەریگرت.

٥- لە تەمەنی (٧) ساڵیدا: کورسێکی کیمیای بە بە پلەی نایاب لە ڕێگەی ئۆنلاین لە زانکۆی کالیفۆرنیا، لە بیرکلی تەواوکرد. هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، کۆرسێکی تری لە بواری جیۆلۆجی و فەلەکناسی، لە کۆلێژی (ئەمریکی ریڤەر) لە شاری ساکرامنتۆ، بە پلەی یەکەم دەرچوو.

٦- لە تەمەنی (٨) ساڵیدا: بوو بە جێگری سەرۆکی دامەزرێنەری یانەی فەلەکناسی لە کۆلێژی ریڤەری ئەمریکی. هەر لە هەشت ساڵیدا، لە کاتی پشکنین و لێکۆڵینەوە لە سەدان وێنەی روانگەی ناسای مەودا دوور ـ پرۆژەکانی کیلەری ناسا. تانیشک بەرپرس بوو، لە دۆزینەوەی هەسارەیەکی دەرکی و زریانێکی خۆر.

٧- لە تەمەنی (٩) ساڵیدا: بچووکترین کەس بوو، کە لە ساڵی (٢٠١٣) دا، بەشداریی لە کۆنفرانسێکی ناسادا (ئەیمس) کرد و وتەیەکی پێشکەش کرد. هەر لەم تەمەنەدا، بوو بە ئەندامی دوو ساڵەی کۆمەڵەی ئابڕوومەندیی زانکۆیی (تیتا کاپا)ی ئەمریکی.

هەر لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، بۆ، لە ساڵی (٢٠١٤- ٢٠١٥) وەک بچووکترین کەس هەڵبژێرایەوە و بەشداریی لە کۆنفرانسی ناسادا کرد و وتەیەکی پێشکەش کرد.

٨- لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا: بڕوانامەی دبلۆمی قوتابخانەی ئامادەیی بەدەستهێنا. کە بچووکترین کەس بوو لە ئەمریکادا، لە دە ساڵیدا بڕوانامەی ئامادەیی بەدەستهێنابێت. هەر لە دە ساڵیدا، دووبارە بە جێگری سەرۆکی پەیوەندییەکان هەڵبژێرایەوە.

٩- لە تەمەنی (١١) ساڵیدا: لە کۆلێژی (ئەمریکی ریڤەر) سێ بڕوانامەی بەشداری لە زانستە بیرکاری و فیزیاییەکان، زانستە گشتییەکان، خوێندنی زمانی بیانی، بە نمرەی نایاب بەدەستهێنا.

١٠- لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا: (سکۆلەرشیپی ریجێنس ـ زەماله) لە زانکۆی کالیفۆرنیا سانتاکرۆز وەرگرت. لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری (دەیڤس) لە ئەمریکا وەرگیرا. بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنی بەکالۆریۆس بدات.

١١- لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا: لە زانکۆی کالیفۆرنیا بە پلەی ناب و بە پلەی شانازی، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا بەدەستهێنا. بوو بە دکتۆر دانیش ئەبراهام.

دکتور دانیشک، هەر لە چواردە ساڵیدا، دەستی بە خوێندی دکتۆرا کرد. گرنگی دا بە پەرەپێدانی زیرەکیی دروستکراو بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان.

١٢- دکتۆر تانیشک ئەبراهام، لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا، لە (٧/ حوزەیران/٢٠٢٣) دا، بە پلەی نایاب، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری دەیڤس لە ئەمریکا، بڕوانامەی دکتۆرای لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا، وەرگرت. بوو بە بچووکترین وەرگری بڕوانامەی دکتۆرا لە جیهاندا.

لە ئاهەنگی دەرچوونیدا، بێجگە لە دایک و باوکی و خوشکە بچووکەکەی، داپیرەشی دکتۆر (تانکام ماتیۆ)ی تەمەن (٩٠) ساڵ ئامادەبوو، کە یەکەم ژنی هیندییە کە بڕوانامەی دکتۆرای لە پزیشکی ڤێتێرنەری لە هیندستاندا بە دەستهێناوە. باپیرەی کۆچکردووشی، دکتۆر (زەکەریا ماتیۆ) توێژەری ڤێتێرنەری بوو. تانیشک ئیلهامی لە باپیرە و داپیرەیەوە وەرگرتووە. پێزانینیشی بۆ پشتگیریی دایک و باوکی هەیە.

١٣- دکتۆر تانیشک لە ئێستادا، تەمەنی (٢٠) ساڵە، تا ئێستا لە چەندین کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و کۆنگرەدا، بەشداریی کردووە و باسی لە بارەی زیرەکیی دروستکراوەوە پێشکەش کردووە. وانەی وتووەتەوە، لە تاقیگاکاندا تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە.

دکتۆر تانیشک ئەبراهام، لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی، رۆژنامەیی، دەربارەی پسپۆرییەکەی، دیمانەیان لەگەڵدا سازداون. پێشتریش وەک بەرێوەبەری سۆشیال میدیای تایبەت بە (تویتەر) کاری کردووە. تانیشک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، زۆر چالاکە. لە ئێستادا کۆمپانیای توێژینەوەی زیرەکیی دروستکراوی پزیشکی، بە ناوی (میدبارک) دامەزراندووە و هەر خۆی بەرێوەی دەبات و سەرکردایەتیی دەکات. ئەم کۆمپانیایە گرنگی بە راهێنانی مۆدێلی بنەڕەتی بۆ پزیشکی دەدات.

بێجگە لەو چالاکییانە، تانیشک گەلێک کار و چالاکیی جیاوازی تری ئەنجام داون.

تانیشک ئەبراهام، بووە بە نموونە و سەرمەشق بۆ لاوان لە جیهاندا، بۆ چاولێکردنی.

شایەنی باسە و جێی سەرنجە، خوشکەکەی تانیشک، کە ناوی (تیارا ماتیۆ ئەبراهام)ە، لە خۆی بچووکترە، ئەویش نەوجوانێکی بلیمەت و پەرجۆیە. لە تەمەنی (٤) ساڵیدا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی مێنسا. لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە موزیک لە زانکۆی کالیفۆرنیا بەدەستهێنا. لە تەمەنی (١٨) ساڵیشدا، بڕوانامەی ماستەری لە موزیکدا، لە کۆلێژی جاکوب لە زانکۆی (ئێندیانا) بەدەستهێنا. لە ساڵی (٢٠٢٢) دا، خەڵاتی هونەرمەندە گەنجەکان، لە دەنگی کلاسیکدا، بە تیارا بەخشرا.

دکتۆر تانیشک ئەبراهام، ئاواتەخوازی ئەوەیە، کە ببێت بە براوەی خەلاتی نۆبل. ببێت بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بێگومان، لە بەردەم ئیرادەیەکی بەهێز و خەبات و کۆڵنەداندا، هیچ شتێک نییە کە ناوی ئەستەم بێت.

(*) بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندی سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.

# بۆئاواتەکەی کاساوان..
# بۆعاشقەکەی مەمی ئالان
# بۆ فریشتەکەی،دێبەران
# وکانی نەمامان!!



## عەلی محەمەد چوارتایی

ئاواتی تەمەن بەهاری ئێستا پەیکەرێکی ئاڵتوونیە وبەتەوقی سەری کاساوانەوەیە نەقرچەی هاوین ونەلوورەی ڕەشی زریانەکانی گمۆ ناتوانن ئەم پەیکەرە ئاڵتوونیە بڕووخێنن !

بۆگوڵا هەناریەکی گمۆی باڵابەفراوی، لەناو سەنگەرێکی قوڕاویدا پارچەیەک ئاسنی گەرم چزا بەجەستەی تەزیوویدا زامدارکراو،دوو هاوڕێی کردیانە کۆڵ بۆ

نەخۆشخانەیان برد،لەڕێگادا بەهاوڕێکانی ووت: تازە من ناژیم ئامانەتی ئێوە.و.ئەم خاک وزەویە بەنرخە.ئاگاتان لە نەورۆزو بڵێسەکەی بێ نەهێڵن خامۆش بێ.چونکە بەخوێنی ئێمە نەورۆز.و.بەهار.و.گوڵە نێرگزکەی پارێزراوە..

ماڵئاوا شاناخسێی زێدی ژیانم.. ماڵئاوا کاساوانی دڵم..

ماڵئاوا کاڕەشی چاوم..

هاوڕێکانی لەسەر زەویە شێدارەکە داینا.بۆدواجار چاوە خوێناویەکانی گێڕا بۆ لووتکەی گمۆوکاساوانی باڵا خوێناوی.دوای چاوەکانی لێک ناو بەچەند بزەیەک وخەندەیەکی شیرین ڕۆحی لەجەستەی جودا بووە.هاوڕێکانی بردیان بۆ بارەگای37شارباژێڕ ودوایش لەگۆڕستانی شاناخسێی بەخاکیان سپارد!

ئەم پۆشاک سەووزە

خوێناویەی شاخی کاساوان

شەهید ئاوات شاناخسێیە!

لەبەهارێکی سەووزی بارناوی دا..گمۆ.و. پردی کارەش وکانی کۆلەکەڕەشی جێهێشت و ڕۆحە یاقووتیەکەی بەرەو ئاسمانی شین و هەورەسپیەکان کەووتەڕێ.بەخوێنی جەستەی دڵی شاخی کاساوانی ڕەنگین کرد و مێژووی شاناخسێ.و. گمۆی گەیاندە لوتکەی چیاسەرکەشەکان..

ڕۆحت شاد بێت هاوڕێم هەرگیز لەیاد ناچیت.

حەمەعلی.

______________________شەهید ئاوات شاناخسێی سەرەتایی ساڵی1986 پەیوەندی کرد بەکەرتی سێی تیپی37 شارباژێڕەوە.لەڕۆژی28_4_1987 لەشاخی کاساوانی شاناخسێی شەهید بووکاساوان شاخێکی بەرزە لەپشتی گوندی شاناخسێیە..تەمەنی 17ساڵ بوو کەشەهید بوو.گڵکۆی لەگۆڕستانی شاناخسێیە..ڕۆحی شاد بێ.گڵکۆ.و.مەزاری چراخان بێ..



# ڕاوێژکاری سەربازی بەریتانی (کابتن لاین )

100 ساڵ پێش ئێستا لەیاداشتەکانیدا دەڵێت ئێمە هیچمان بۆ کوردەکان پێنەبو کوردو کێشەکەی لەبەرنامەی کارماندا نەبو کە شتێکیان بۆ بکەین ... ئەمەلەکاتێدایە کە سوپای بەریتانیا تەواوی خاکی کوردستانی داگیر کردبو..

بۆیە شێخ محمود هیچ هەڵوێستێکی باش و زارەکی یان سیاسی و دیبلۆماسی ئابوری مادی و مەعنەوی لە ئینگلیزەکان نەبینی تا هاوکاریان بکات ..ئەوەی بۆ کورد مابۆوە تەنها بەرگری و وەستانەوەبو لەدژی بەهێزترین سوپای ڕۆژگاری ئینگلیزەکان کە هەر ئەوانیش چارەنوسی گەلانیان دیاری دەکرد .. بۆیە نابێت بۆ داهاتویش چاوەڕوانی هیچ بکەین لەسەر دەستی ئینگلیز بەدەستی بێنین ئەوان تەنها بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەناوچەکەن نەک پارێزگاری لە ئێمە تاکە ڕێگە بۆ مانەوەمان ئەوەیە هەتا تەنها کوردێک مابێت لەسەر ڕوی خاکی ئەم کوردستانە دەبێت خەبات و شۆڕشەکەی بەردەوام بێت دژی داگیرکاری خاکە کەی ئیتر لەلایەن هەر دەوڵەت و حوکمداریەکی باڵادەست بێت هەر ئەم بەرگری خۆ بەدەستەوە نەدانەیشە تا ئێستا گەلی کوردی پاراستوە لە سڕینەوەو لەناو چون ئەگەر لەماوەی سەدان ساڵی ڕابردودا کوردو شۆڕشەکانی نەبوایە ئێستا ئەم سەر زەمینەی پێیی دەڵێن کوردستان تاکە کوردێکی تێدا نامابو ناوچەیەکی عەرەب نشین بو بۆ پارچەکانی دیکەش هەر وایە ...بەرپابونی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بەهەمو کەمو کوڕیەکانیەوە زەرورەتێکی حەتمی بوە زۆر پێویستە لەهەمو سەردەمەکاندا بەتایبەتی بۆ داهاتو ئەرکێکی ئێجگار پێویست و چارە نوس سازە بۆ مانەوەی کورد لەسەر خاک و مانەوەی ناسنامەکەی .....

**عبدالله شاسوار**



# هەڵبژاردن هەنگاوێک بۆ گۆڕانکاری، یان مانەوە لە ڕەوشە شپرزەیی و ناجێگرەکاندا؟

ئەحمەد حەمەساڵح



سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین، کە بەتەنها مومارەسەی هەڵبژاردن وەک مەرجێک بۆ بوونی دیموکراسیەت بەس نیە،ڕاستە دیموکراسی لە دەستپێکی هەڵبژاردنەوە، ڕەوایدان بە پێکهێنانی حکومەت دەبەخشێ، خەسڵەتەکانی زۆربەی سیستەمە دیموکراتیەکانیش بریتی دەکات لە سەرەتایترین مافی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان، بەڵام کە هەڵبژاردن بەتەزویر و فرتو فێڵ بەڕێوە بچێت، ئەوە دەبێتە یەکەم هەنگاو بەرەو گاڵتەجاڕیەت بەدیموکراسیەت.

ئەو سیستەمانەی کە دەسەڵات لە سەر بنەمای هەڵبژاردن وەردەگرن، بەکردار حکومەتداریان لە سەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتە، لەهەر سێ دەزگای یاسادانان،جێبەجێکردن ودادوەرێتی، کەواتا سیستەمی سیاسی جێگیر، پێویستی بە فەراهەمکردن و چەسپاندن وکارابوونی چەمکەکانی هەوڵاتیبوون و دیموکراتیەتە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتخوازی تاکڕەوایی، ڕێگە نەدات هەڵبژاردن و تەعبیر لە وویستی سیاسی تاک وئەجێندا مرۆیی و نیشتیمانیەکانی لایەنە پێکهێنەرەکانی پەرلەمان و حکومەت، بەڕێژیش بێت جێبەجێ بکرێن، ئەوا پێگومان وڵات بەرەو ناسەقامگیری سیاسی هەنگاو دەنێت.

بۆ چونە نێو کرۆکی بابەتەکەمان پێویستە ئەوەش بڵێین،کە لە مومارەسەی دیموکراسیەتدا، شتێک نیە ناوی یەکتر سڕینەوە بێت، بەڵکو لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە چەمکەکانی دیموکراسی، ئازادی و هاوڵاتیبوون دەچنە پلەیەکی ئومێدبەخش لە گەشەسەندن، بەڵام لە دەرئەنجامی شرۆڤە وپێناسە داتاشراوە، خۆویستیەکانی دژ بە بەرژەوەندییە گشتییەکان، ڕەوشی دژ بە بەها پیرۆزەکان دەهێنرێنەکایەوە، وهەڵوێستە دژ بەیەکەکان لە نێوان حەقیقەت و وەهمدا، دەبنە زەنگ و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت، زەنگە مەترسیدارەکانیش لەسەر شکۆی خاک و خەڵک، دەبنەوە بە خولانەوە لە نێو بازنە داخراوەکاندا.

کەواتا بۆ فێربوون لە ئەزموونەکان، ونزیک بوونەوە لە واتاو ناوەڕۆکی دیموکراسیەت، پێویستە ئەو ڕاستیە بیربخەینەوە، کە لە خەباتی دیموکراسی و مەدەنیەتدا بازنەکانی خۆسەپاندن، قۆرخکاری وحەزە سالارێتەجۆراوجۆرە کۆن و نوێکان کاڵ دەبنەوە، لە ڕەوشەکانی دونیابینی، کرانەوە، هەڵبژاردن و دیموکراسیەتدا، پێویستە بیری یەکترسڕینەوە، و هەوڵی سفربوونەوەی بەرامبەر لە بیربکرێت، بۆ ئەمەش پێویستەکۆی هێزەکان، بە هێزی سەربازی و گشت توانا مرۆیە مەدەنیەکانەوە، لە پێناو مانەوە و بەردەوامی، گەشەو بنیاتنان، ببنە هێزێکی نەرم و کارای نیشتیمانی، لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە پێویستە خەباتی مەدەنی بەردەوام بێت تا چەمکی دیموکراسی، ئازادی و هەڵبژاردن لە بۆچون و کاردانەوە سالارێتی و پۆپۆلیستییەکان پاک بکرێنەوە، ئەمەش کات و کاری بەکرداری ڕاستگۆیانەی دەوێت، تا لە بازنەی بەرژەوەندیە گشتیەکاندا، هەنگاوە درووستەکانی گەشە و بنیاتنان ببنە هەنگاوی ئومێدبەخش بۆ خۆشگوزەرانی نەتەوەیی.

لێرەدا وەک بیرخستنەوەیەک، لەڕەوشە ناخ هەژێنە نانیشتیمانیە، نادیموکراتیەکانەوە، پێویستە لە لاپەڕەکانیتۆماری مێژووی حوکمڕانی خۆماڵیمانەوە، بەنەوەکانی ئیمڕۆ و سبەی بڵێین، کە چۆن لەدەرئەنجامی شێواندنی بەهاکان، چەواشەکاری ئازادی، قۆرخکاری ئابووری، گەندەڵکاریە کارگێڕیەکان وشپرزەیە سیاسیەکانەوە، چ ڕەوشێکی لێوان لێو لە دەمارگیری حیزبایەتی، تاقمگەرایی، خێڵگەرایی داهێنران، و مەترسیدارانە بازنەی ناهۆشیارییە مرۆڤایەتیەکان، پێشێلکارییە یاساییەکان و ناپەروەردەییە نیشتیمانیییەکان فراوان کران،

بەداخەوە لە بەردەوامی بوغزو ڕق وقین و ناتەباییەکانەوە، لەمپەر و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەخنەی بونیاتگەرانەو یەکتر قبوڵکردن وپێگەوەبوون زۆرتر و زیاترکران.

کاتێک کەزۆرینەیەک لە کەسایەتییە بەناو پێشەنگەکان، دەبنە بازرگانی سیاسی، سەرمایەداری بنەماڵەیی، دەسەڵاتخوازی ناوچەگەرایی، ئەودەمە لە کۆی کایە سیاسی، سەربازی، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و...هتد ، نەک هەر پێناسەیەک بۆ بەرژەوەندی گشتی نەماو نامێنێ، وەک بینیمان دەیان درز و کەلێن و بۆشایی لە نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات و هاوڵاتیان دروست بوون و دەبن.

سەیرکە لەیەکەم هەڵبژاردنی ئایاری ١٩٩٢، لە بریڕاستگۆیی لەدیموکراتی، تێگەیشتن لە چەمکی هاوڵاتیبوون وپاراستنی بنەما و بەها نیشتیمانییەکان، چ حەماساتێکی ناچۆر و ناپێویست بەردەوامی پێدرا، تا لەکۆی قۆناغەکاندا رەشبینیەکان تۆختر‌کرانەوە.

لێرەوە دەمانەوێت بگەین بەو ڕاستیانەی کە لە خەباتی دیموکراسی و پەرلەمانیدا، ئەگەر بۆ گەلانی تر یەک جار، ئەوەبۆ ئێمە دەیان جار پێویستمان بەو تێگەیشتنەیە کە هەڵبژاردن و یەکترقبوڵکردن هەنگاون بەرەو گۆڕانکاری و بنیاتنان و تۆکمەیی پایەکانی حکومەتداری، ئەوەی وادەکات، کە زۆرینە وا بیربکەنەوە، کەهەڵبژاردن سوودی نیە وهیچ ناگۆڕێت، لەلایەک نائوێد بوونی خەڵکە، کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا گۆڕانکاری نەکرا، یان نەیانهێشت گۆڕانکاری ڕووبدات، لەلایەکی تریشەوە ئەو چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنانەیە، کە هەڵبژاردن وەک ئینقلاب یان فتروفێڵ دەبینن، کەپاڵنەرەکی ترسە لە دیموکراسیەت و دامەزراوەیی بوونی پایەکانی حکومەتداری.

لە بڕوابوونی تەواوەوە بە دیموکراتی، پێویستەکۆی لایەنەکان، چەپگەرا و ڕاسترەوان، دیموکراتی و نیشتیمانییەکان، ئیسلامی و عەلمانییەکان، لە ئۆپۆزسیۆنەوە تا دەسڵاتداران، لە پێناو بەنیشتیمانی کردنی کۆی پرسەکانی حکومەتداری، بیرکردنەوەی هۆشیارانەی دیموکراسی و هەڵبژاردن بۆ خۆیان دروست بکەن، و بازنەی تێگەیشتنیان لە چەمکی هاوڵاتیبوون فراوان بکەن، لێرەوە تاک هاوبەشی ڕاستەقینەی پێدەکرێ و حکومەتداری دامەزراوەیی دادەمەزرێ.

جەندبارە دەیڵێینەوە دەبێت کۆی لیست و لایەنە سیاسیەکان، لەو ڕاستییە تێبگەن، کە لە سیستەمی دیموکراسی و پەرلەمانیدا شتێک نیە ناوی سڕینەوە و ڕاماڵینی لایەنێکی بەشداربوو‌بێت، سەیرکە چۆن لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا کۆی پەیام و بەرنامەکان تاقی دەکرێنەوە، حیزب و لایەن و لیستی نوێ دێنە دەسەڵات و دەسەڵاتداریش دەبێتە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، سەیرکە چۆن لەنزیکی بیرو ئەجێنداکانەوە هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش بۆ پێکهێنانی حکومەت درووست دەکرێ.

ئەوە ڕاستە ئێمە تا ئاستێک دیموکراتی و خەباتی مەدەنیمان هەیە، بەڵام بە داخەوە هۆشیاریەکانی دیموکراتی، هەڵبژاردن، خەباتی پەرلەمانی و مەدەنیمان وەک پێویست نیە، ئەمەش باڵانسی ڕەشبینیەکانی بەرزکردۆتەوە، تێنەگەیشتن لە خەباتی مەدەنی و مانەوە لە تونێلەکانی چەواشەکاریدا، نەک هەر ڕەوایدانە بە بەلاڕێدابردن و مانەوە لە بازنە داخراوەکاندا، بەڵکو لە نائەخلاقێتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، خیانەتێکی گەورەیە لە چەمکی هاوڵاتیبوون دەکرێ.

بەکورتی لە خوێندنەوەی لاپەڕەی نەهامەتیە ناوخۆییەکان و دانان بە شکست و واقیعە تاڵەکانی ئیستای نیشتیمان، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کاروانی خەباتی مەدەنی و دیموکراتی پێویستە بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان بێت، لەگۆڕینی ململانێ لەچەکەوە بۆ قەڵەم و بەزیادبوونی بڕواکان بە خەباتی پەرلەمانی و بەتێگەیشتن لە بایەخی کاری پێکەوەی و یەکترقبوڵکردن، ڕەوت و قۆناغێک بۆ گۆڕین دێتە کایەوە، نەک بە ئینگاری سیاسی و مانەوە لە ڕەوشە شپرزەییە ناجێگیرەکاندا.

# نیگارێك لەشنەی با
## ستار ئەحمەد



لەقەدەری بادا گەڵاکان بوار بەهەناسەی گوڵ نادەن ،
شەپۆل شەپۆل ئاورنگەماچ لەزاری سروشت دێنەخوار
بەرەو کەناری رووبارە سوورەکان.
بۆپێشوازی ئەو مەلانەی چریکە لەنسێی چڵ دەخوازن
ئێوارانێك.
کوڵمی سوور بەچزووی رەشەبادا هەڵدەزنێ
کراسی تاریکی بەرگی ئاو دادەدڕێ
ئەمەیە قەدەری با.
کاتێك لێو لەکوڵمی هەور دەسوێ
بۆیە خەندەی چرا لە رووی ئەستێرە تێناگا
پەنجەرەکان پرشنگی خۆر بە تەلی ئاوەوە هەڵدەواسن
دەمێکە تینوێتی تەمەنی رۆژگارەکان دەپێچێتەوە
لە سوانەوەی کۆرپەی وەرزو
لە پێگرتنی ساڵەکانی نەهامەتیا
لانکی چارەنووس دەسرازە بۆ مێژوو دەدوورێ
بەروارەکان خەم لە گلێنەی کانییەکاندا دەنووسنەوە
تارمایی هەورە کۆچەرەکان، دوای شەونمی گوڵ دەکەون
ئەستێرەیەك خۆی دەکات بە دیدەی مانگا
مانگ هەڵمی بنارەکان بۆ خۆر دەکاتە رچەرێ
تیشکی ئاسمانیش، زریانی شەوارە
لە تەوێڵی گەواڵە بە فرێکا رادەکێشێ
بەرەو سەهەندە دوورەکان
بۆ ئەو دۆڵانەی گۆڕستانی چڵو هەڵاڵەن
خۆزگەی نوێبوونەوە..
گەڵا گەڵا لە شەپۆلە وردەکان ورد دەبێتەوە
دڵەکوتێی گزنگ
بوورانەوەی ئاو
هەڵچوونی مەزاری شەوە دیجوورەکان
بە گۆرانی دوندی سەخت،
بارانی چیاکان دەخوێننەوە
نووسین لەسەر بەفر
هەڵکۆڵینی نیگار لە دڵی شنەی بادا یادەوەری دەژێنێ
بووکی بەهار لە ساڵنامەی وەرزەکان مارە دەکا
بۆ سەرچۆپی ئەو ساڵانەی رۆژەکانی عیشقیان بەبا دەناسان
ئاورنگە ماچیان لە دەمی کانیاوەکان دەقۆزتتەوە
تەمەن رەشەبای وەرزەکانی
دەکردە نیگای چراکانی شار
شەقامەکان لە پێخاوسی بەهار
گەڵایان بۆ باڵای حەز دەدووری
کفن وردە بەفری رۆحی چیا بوو
دەروونی دۆڵەکان،
دەلەرزان بۆ پێشوازی نێرگزێك
زەمەنێك بۆ ژان
قەدەرێك بۆ دەرفەتی لێکترازان
ئالوودەیی خاکیان
لە جەرگی کوێستان تاوتوێ دەکرد
بۆ ئەو ئەستێرانەی
شەویان لە خۆر دەئاڵاند
تاریکیان دەکردە تاری
شەپۆلی بەهای کەناری هێور بوونەوە
ئاسمان لە ماچی گوڵ بە گومانو
دیمەنەکان لە رەونەقی چڵ دەترسان
ئەو کاتە قەڵەمێك
پەرەی گوڵی ماچ بکردایە
گوللەیەك ئاگری شەوچەرەی
بۆ گوڵو چیا دەکردە نیشتیمان.

# سۆزێک بۆ مەرگی باوکم
## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی



باوکە گیان ..
دەزانم کە کاروانی تەمەن تێپەڕی ،جارێکیتر ناگەڕێتەوە ،بەڵام هێشتا من زۆر پێویستیم پێتبوو.
تۆ داری پربەرو سێبەری پرلە ئارامیم بویت، ئەو کێوە بەهێزەبوی کە هەمیشە لەپشتم راوەستاوو چەسپیوبویت،
حەزمدەکرد هەمیشە گوێم لەدەنگ و وشەی پر سۆزی جوانی وپرلە میهرەبانی و خۆشەویستیت بێت.
حەزمدەکرد بۆ هەمیشە باوەش و دەستلەملانی ئاسودەیمان بمێنێت.
تامەزرۆی چەندین کۆڕو کۆبونەوە ونەرمە پیاسەی ئێوارانی لای مزگەوتی گەورەو شەقامی پیرەمێردو مەولەوی بوم لەگەڵ تۆدا .. مخابن لەناکاو بێدەنگ بویت. دەنگی پرلەسۆزی ئاشنا بەگوێکانم کە ژیانی پرلەشادی بە ماڵی دڵ و دەرونم دەبەخشی ،کپ بوو.
چاوە پر لە روناکی و ئەزموونەکانت کە رێگای ژیانیان پێ نیشان دەدام داخران.
ئیتر ناجوڵێنەوە دەستە بریندارەکانی بە ئەرکی رۆژگارت بۆ باوەش پێداکردنم.
پێیەکانت کەرۆژگارێکبوو ،دورترین رێگات بۆ بیبنی هاورێیەکت پێدەبرین ، ئێستا ساردن و لەجوڵە کەوتون ..گەرچی تۆ ئەو مەشخەڵەبویت کە رێگای تاریکیت بۆ رووناک دەکردینەوە، کەچی لەپر خامۆشبوی..
ئای باوکەگیان ! تۆ دەزانی ⁉️لەورۆژەوەی بەجێتهێشتوین گوڵەکانی باخچەکەشت مات و زیزن وەکو جاران نە تیرئاو دەخۆنەوە ، نەروی خۆشیش دەدەن بە پەپولە و هەنگەکان .. رەنگ پەریوو لاوازبون، بەشێوەی ساتی نەخۆشکەوتنت ،چاک دەزانم کەئەوانیش وەک من بۆت بەخەمن..
بابەگیان .. من دڵنیام کە رەوتی ژیان دەبێت وابێت من لەتۆو تۆلەگوڵەکانی باخچەکەت بکات .
بەڵام تیشکی یادەوەرییەکانت ،هەتاهەتایە لە چاوانمدا دەدرەوشێتەوەو لەناودڵمدا بەجۆشترو لەدەمارەکانمدا وەکو خوێن بونەتە پێویستی بۆ ژیانم..
تۆش بەئارامی بنوو ..هەتا ماندویی وئازارەکانی ئەو رۆژگارەت لەبیربچێتەوە کەلەگەڵ تەمەنی پیری رێگەی ژیانێکی پرلە سۆزو میهرەبانی لێگرتیت...ماڵئاوا .. خوات لەگەڵ باوکەگیان...



# قەڵەمی سیحراوی

محەمەد حەسەن
لە ئینگلیزییەوە: چنار عەزیز

سەردەمانێك چوارهاوڕێ لە لادێیەكدا دەژیان. باشترین هاوڕێی یەكدی بوون. ناویان هاری و پیتەر و جێفری و جۆردن بوو. هاری داهێنەر بوو لە نووسیندا. جێفری هەمیشە بیرۆكەی نوێی هەبوو. ڕۆژێك هەر چوار هاوڕێ ڕۆیشتن بۆ شار. هاری پیاوێكی لە پاركی شارەكەدا بینی كە چیرۆكی كۆنی دەگێڕایەوە. لە كاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەوە، هاری بە هاوڕێكانی گوت هەندێك چیرۆكی سەرسووڕهێنەر دەربارەی پاڵەوانێك و كۆشكە مەزنەكەی دەنووسێت. كاتێك گەیشتنەوە ماڵەوە دەستیانكرد بە ڕێكخستنی ماڵەكەیان. سندوقێكی بچووكیان دۆزییەوە كە لە گۆشەیەكدا كەوتبوو. كاتێك سندوقەكەیان كردەوە قەڵەمێكیان لەناو سندوقەكەدا بینی. هاری پێی گوتن باپیرەم ئەو قەڵەمەی پێداوم. ئێستا پلانم هەیە بەم قەڵەمە چیرۆكە نوێیەكەم بنووسم. شەوێك هاری دەستیكرد بە نووسینی چیرۆكەكەی دەربارەی پاڵەوانەكە و كۆشكەكەی. تا نیوەشەو چیرۆكەكەی نووسی. بەیانی كاتێك لە خەو هەستا و ڕۆیشتە دەرەوە، ئەوەی لە چیرۆكەكەدا نووسیبووی گۆڕا بوو بۆ ڕاستەقینە. بۆیە تێگەیشت كە هەر شتێك بەم قەڵەمە بنووسێت دەبێتە ڕاستەقینە. لەبەرئەوە كاتێك بەو قەڵەمە دەنووسێت پێویستە وریا بێت. تێگەیشت كە قەڵەمەكەی باپیرەی ئاسایی نییە بەڵكو لە ڕاستیدا قەڵەمێكی سیحراوییە. دوای ماوەیەك گوێی لە ژاوەژاو و دەنگێكی گەورەبوو هاواری دەكردو لە ماڵەكە دەهاتە دەرەوە. هاری چووە دەرەوە دڕندەیەكی زۆر گەورەی بینی. هەمووان لێرە و لەوێ ڕایاندەكرد و هەوڵیاندەدا خۆیان لە دڕندەكە ڕزگار بكەن. هەموو هاوڕێیان كۆبوونەوە و باسیان لە بابەتەكە كرد. هاری باسی لەوە كرد چیرۆكەكەی بووەتە ڕاستەقینە بەڵام بۆچی دڕندە هاتووە. چیرۆكەكەی كە نووسیویەتی لەسەر پاڵەوان و كۆشكەكەی نووسیوە. جێفری پێداگری كرد پێویستە جارێك چیرۆكەكە بخوێنینەوە، چونكە گومانی شتێكی هەڵە لە چیرۆكەكەدا هەیە. كاتێك چیرۆكەكەیان خوێندەوە، جێفری دێڕێك لە چیرۆكەكەی دۆزییەوە كە نووسرابوو سبەی دڕندەیەك دێتە شارەكەمان. بەڵام هاری گوتی لە چیرۆكەكەدا وشەی پاڵەوانی نووسیوە. جێفری گوتی سەرزەنشتی هاری مەكەن، ڕەنگە لە جیاتی وشەی پاڵەوان وشەی دڕندەی نووسیبێت. پیتەر پێشنیازی كرد كە هاری چیرۆكێكی تر بەو قەڵەمە سحراوییە بنووسێت و پاڵەوانی ڕاستەقینە لە شارەكەدا بهێنێت و لەگەڵ دڕندەكەدا شەڕ بكات. بەڵام شەو كە دەیانویست چیرۆكەكە بنووسن، قەڵەمە سحراوییەكەیان نەدەدۆزییەوە بەڵكو ون بووو. هەموویان بە نیگەرانییەوە خەوتبوون، چونكە هێشتا قەڵەمەكە نەدۆزرابووە. هاری نیگەران بوو لە قەڵەمەكە، ئەو شەوە باپیرەی هاتە خەوی و لە هاری پرسی: كوڕم بۆچی ئەوەندە دڵتەنگیت؟ هاری هەموو ڕووداوەكانی ڕوون كردەوە و ئێستا ئەو قەڵەمەمان لەدەستدا كە تۆ پێتدام. ئێستا هیچ ڕێگەیەكمان نییە بۆ ئەوەی دڕندەكە لەناو بچێت. «كوڕم نیگەران مەبە، چەند وشەیەكی سیحراویت پێدەڵێم بۆ ئەوەی لە دڕندەكە دوور بكەویتەوە»، باپیرە پێی وت و لە خەوەكەیدا ڕۆیشت.

هاری كاتێك بەیانی لە خەو هەستا بە هاوڕێكانی گوت كە باپیرەی هاتۆتە خەونی و هەندێك وشەی سیحراوی پێ گوتوە بۆئەوەی دڕندەكە دیار نەمێنێت. هاوڕێكانی لێیان پرسی وشەكان چیبوون؟ هاری گوتی باپیرەم داوای لێكردووم بە هیچ كەسێكیتر نەڵێم، چونكە بێكاریگەر دەبێت. لە شەودا، دەستیكرد بە بیرهێنانەوەی قسەكانی باپیرەی. بەڵام نەیتوانی و دواتر دەستیكرد بە گریان. كاتێك فرمێسكەكانی كەوتنە سەر چیرۆكەكە وشەی دڕندە سڕایەوە. بەیانییەكەی كاتێك هاوڕێكانی بە دڵخۆشییەوە هاتنە ناو ماڵەكە.

لە هۆكاری دڵخۆشی پرسی. لە وەڵامدا گوتیان ئێستا دڕندەكە نەماوە. شەو كە هاری بە دڵخۆشی خەوتبوو، باپیری دووبارە هاتەوە خەوی و پرسی قسەكانی منت لەبیر كردووە. بەڵام ئەوەی تۆ كردت ڕاست بوو، چونكە منیش بە هەمان شێوە پێم وتیت كە پێویستە هەندێك دڵۆپی ئاو بخەیتە سەر وشەكە. لەو كاتەوە هەموویان بە خۆشی دەژیان.

سەرچاوە:
The Magical Pen (hasanstorywriting.blogspot.com)

## وێنەیەكی قەڵای شیروانە پێش نۆژەن كردنەوەی 1970

## زانیاریەكی كورت لەسەر قەڵای شیروانە

قەڵایەكی كۆنی مێژووییە، لەسەر تەپۆڵكەیەكی دەستكرد لەسەر ڕووباری سیروان لە شاری كەلار بتیاتنراوە، لەباری مێژووی دروستكردنی قەڵاكەوە زانیاری ورد و ساغكراوە نییە، هەندێك دەڵێن لەلایەن ئەنوشیروانی ساسانییەوە بنیاتنراوە، هەندێكیش ڕایان وایە حەمە پاشای جاف درووستیكردووە، هەرچەند ناوبراو كۆچەر بووەو لەقەڵادا نەژیاوە، بەڵام لایەنگرانی ئەم ڕایە دەڵێن كۆشكی زستانەی حەمە پاشا بووە، بەڵام گومان لەسەر ئەم ڕایە درووستدەكات بوونی تونێلكی ژێر زەوی بووە لە قەڵاكەوە بۆ سەر ڕووباری سیروان، كە هەندێك دەڵێن ئەوە دەلالەتە لەوەی كە بۆ حاڵەتی شەڕوو گەمارۆدان سوودی لێ وەرگیراوە و ئاوی لێوە هێنراوە بۆ ناو قەڵاكە.

ڕایەكی دیكەش هەیە دەڵێت تەپۆڵكە خۆڵەكە لەلایەن ئەنوشیروانی ساسانییەوە بنیاتنراوە و كۆشكەكە لەلایەن حەمە پاشاوە درووستكراوە.


بەڕای من وەك ئامانجی مامۆستا عومەر وەك خوێنەرێكی بابەتە مێژووییەكان ئەگەر حەمەپاشای جاف دروستی كردبێت بۆ ناوی قەڵای شیروانەیە ناوی قەڵای حەمە پاشا نی یە ئەمە بۆچون. و پرسیاری یەكەمم بۆچونی دووەمم هەمووومان. دەزانینن شارستانی كۆن. و دێرینی ساسانی لەزەراین دەستی پێكردووە تاوەكو ناوچەی كەلار و خانەقین تەنانەت ئیمبراتۆریەتی شەمێرانیەكان. زۆر بەناوبانگ بوون كەنزیك ئاوی سیروان. بوون بۆیە ئەم دوو ئاحاژەیە سەلماندنی ئەوە دەرئەخات كەئەم قەڵایە لەسەردەمی ئەنەوشیروان بنیات نراوە

دارشتن و بەدوادا چوون : ئامانجی مامۆستا عومەر








# ژنانی شێوەکار لەشاری سلێمانی

## بەختیار سەعید

هونەری شێوەکاری لە باشوری کوردستاندا تەمەنێکی هێندە دێرینی نییە تاکو بتوانرێت قۆناغەکان و ستایل و جۆری ئەو ماتریالانەی کە بەکاریان هێناوە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی کارکردنی ئەم ژنە شێوەکارانە دیاری بکەین، هەرچەندە ئەم هەرێمە خاوەنی یەکەمین پێگەی مرۆڤایەتییە کە گوندی (چەرمو)ی نزیك شاری چەمچەماڵە کە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەم گوندەوە دەستیپێکردووە.

هەروەها میللەتی کورد لەهەمانکاتدا پێش 700 ساڵ پێش زاین خاوەنی ئیمپراتۆرێك بووە بەناوی (ماد) کە خاوەنی دەسەڵات و پێگەیەکی گرنگ بوون لە وادی ڕافدین و دواتریش لەهەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە حکومەتە داگیرکارییەکان و ناوخۆکانیش کە لە کوردستاندا دەسەڵاتداربوون هونەر هەبووە، بەڵام هەرگیز تۆمارنەکراوە کەمن ئەو ناوانەی کە ئێستا وەکو خاوەنی کارەکان ناویان هەبێت، چ جای ناوی ژنانی شێوەکار.

هاتن و داگیرکردنی ئیسلامیش بۆ خۆی هێندەی تر تواناو پێگەی ژنان لەلایەك و هونەر بەگشتی کەنارتر خستووە، بەڵام لە ڕابردوودا ژنان هاوکاری هەموو ئەو کارە سیرامیکیانە بووە کە پیاوان بۆ پێداویستی ژیان، یاخود بۆ جوانی ئەنجامیانداوە، هەروەها هۆکاربوون بۆ جوانکردنی ماڵ و نەخشاندنی چەندین کلێشەو هێمای تایبەت لە جلووبەرگ و پێداویستییەکانی تری ژیانیان کە هەموویان هەڵقوڵاوی هزری ژنەکان خۆیان بوون.

نووسەری ناوداری عەرەبی (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) لە کتێبی (الحریە والگوفان)دا سەبارەت بەمێژووی هونەری شێوەکاری عێراق نووسیویێتی و دەڵێت (مێژووی هونەری شێوەکاری عێراق بە سلێمانی دەست پێدەکات، هونەرمەندێك هەبووە ناوی عوسمان بەگ بووە، هەموو ڕۆژانێکی هەینی چۆتە سەر گۆڕستانی شارو وێنەی ئەو ژنانەی کێشاوە کە سەر گۆڕی کەسوکاریان دەگرین، بەڵام بەداخەوە هیچ ئیشیکی ئەم هونەرمەندە نەماوە).

باشوری کوردستان خاوەنی چەندین ژنە شێوەکاری دەستڕەنگینە لەسەر ئاستی جیاواز کە بەشێکیان لەو شێوەکارانە خۆڕسکانە کاری شێوەکاریان کردووەو بەشێکی تریشیان بەشێوەیەکی ئەکادیمی هونەری شێوەکاریان خوێندووە، شاری سلێمانی یەکێکە لەو شارە سەرەکیانەی باشوری کوردستان کە زۆرترین ژنە شێوەکاری لەخۆگرتووە، هەروەها بەشێکی تریشیان دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانی بەغدا و سلێمانی بوون کە تیایدا وانەی هونەریان تێدا دەخوێندرا، ئەم شێوەکارانە چ وەکو ژمارە، چ وەکو ستایلی کاری ئەو ژنە شێوەکارانەیە دەکرێت ئەو سەرەتایە بە دەرکەوتنی کارەکانی ژنە شێوەکاران (بێگەرد نوری، شەمسە فەقێ ئەمین، سزا عەبدولکەریم، نەرجس شەرموخ، ناجیە تۆفیق) دەستیپێکردووە کە سەرجەم ئەم شێوەکارانە خۆڕسکانەو مامۆستای هونەر بوون و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو درێژەیان بە کاری هونەری خۆیانداوە، تەنها ژنی ئەو گروپە کە بەردەوام بووە لەکاری هونەری تاکو ئەمڕۆ خاتوو ناجیە تۆفیق-ە.

(سامیە ساحیبَقڕان) یەکێکە لەو ژنە شێوەکارانەی کە لە ساڵی 1972دا بەشداری پیشانگەیەکی هاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە شێوەکارانی سلێمانی کردووە کە پیشانگەیەکی تایبەت بووە بە پۆستەر و لەساڵی 1972دا کراوەتەوە، هەروەها ژنە شێوەکار (پەروین بابان) بەشداری چەندین پیشانگەی کردووە لەوانە چوارەمین پیشانگەی هونەرمەندانی سلێمانی لە ساڵی 1973 یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا کە ڕۆژانی 2/25 تا 1974/3/2 بەشداری کردووەو یەکەمین ژنە شێوەکارە کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی هونەری خوێندووەو ساڵی 1972 ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووەو بۆ ماوەیەك مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووە.

دواتر ژنە شێوەکار (سزا عەبدولکەریم) کە لە ساڵی 1948 لە سلێمانی لەدایکبووەو ساڵی 1957 پەیمانگەی مامۆستایانی تەواوکردووەو یەکێکە لەو ژنە شێوەکارانەی کە بەشێوەیەکی خۆڕسك خۆی پێگەیاندووەو توانیویێتی لە چەندین پیشانگەدا بوونی خۆی سەلماندبێت لەوانە بەشداریکردنی لەهەمان پیشانگەدا کردووەو لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و بەغدا نیشاندراوە.

(گوڵنار حەمە لاو) یەکێکی ترە لە ژنە شێوەکارەکانی شاری سلێمانی کە خاوەنی چەندین پیشانگەی تایبەتی و هاوبەشەو یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە ساڵی 1979 کردۆتەوە، لەهەمان ساڵدا بەشداری پیشانگەی پێنجەمی هونەرمەندانی سلێمانی کردووە.

لەدوای کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لە ساڵی 1980دا گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری نەك بە تەنها لە شاری سلێمانی بەڵکو کاریگەری لەسەر شارەکانی (هەولێر، دهۆك، کەرکوك) بەجێهێشتووە کە مامۆستاکانی ئەم پەیمانگەیە لەو شێوەکارانە پێکهاتبوون کە پەیمانگەو ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدایان تەواوکردبوو، ئەم پەیمانگەیە مەودای فێربوون و ئاشنابوونی کچانی ئارەزوومەندانی هونەری شێوەکاری کوردی زیاتر کردوو ژمارەیەکی زۆر لە شێوەکاران هاتنە مەیدانی کاری پراکتیکییەوە کە دەکرێت ناوی ژمارەیەك لەو خوێندکارانە بهێنین کە دواتر بوونە شێوەکارێکی دەستڕەنگین لەوانە (کوێستان جەمال، ئەڵماس فەتاح، پەرژین ئەحمەد، خومار مستەفا) یەکەمین دەرچووەکانی قۆناغی یەکەمی پەیمانگە بوون

پاشان لەساڵی 1999 گروپێکی کچانی شێوەکار لە سلێمانی درووست بوو بەناوی (پێنج کچە هونەرمەند) درووست بوو کە پێکهاتبوون لە شێوەکاران (ساکار فاڕووق، دالیا موراد، شیلان جەبار، تارا خالید، شوعلە سلێمان) لە ڕۆژانی 12-16/ 1999/2 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی یەکەمین پیشانگەیان کرایەوە، دووەمین پیشانگەیان لە ڕۆژانی 11-2000/6/14 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، سێیەمین پیشانگەیان لە ڕۆژانی 15-2001/18 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کراوەتەوە.

ڕۆژی 1987/9/24 پیشانگەیەکی هاوبەش بۆ ژمارەیەك لە دەرچوانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لە هۆڵی گەلەری سلێمانی کرایەوە کە لەنێویاندا ژنە شێوەکاران (بوشرا ئیسماعیل، بەیان حەیدەر، ڕازاو مستەفا، خۆشی ڕزگار، ڕێزان عومەر، شەپۆل یونس) بەشداریانکردبوو، دواتر لە شاری سلێمانیدا نەریتێك هاتە کایەوە کە ساڵانە لە ڕۆژی جیهانی ژناندا بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی پیشانگەی تایبەتی بۆ ژنە شێوەکارەکان دەکردەوە کە یەکەمین پیشانگەیان لە 1994/3/6 لە هۆڵی سورکێو دووەمین پیشانگە لە 1996/3/9 لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی کرایەوەو پێنجەمین پیشانگەیان لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی 1999/3/8 کرایەوە، شەشەمین پیشانگەی خانمان لە ساڵی 2001دا و حەوتەمین پیشانگەی خانمان لە ساڵی 2002 کرایەوە.

دواتریش ژمارەیەکی تر لە کچان و ژنانی شێوەکار بەکارە داهێنەرەکانیان توانیویانە دنیایەکی تایبەت بە خۆیان بخوڵقێنن لەوانە (چیمەن ئیسماعیل، نەعیمە محەمەد، سازان عەلی، بێگەرد عوسمان، خۆشی شەوقی، نیان عوسمان، سازگار عەبدوڵڵا، نەرمین مستەفا، ڕۆژگار مەحمود، ڕۆژگار بابە تاهیر، و هتد).

لەساڵی 2012دا بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی یەکەمین پیشانگەی فراوانی تایبەت بە خانمانی شێوەکار کردەوەلەژێر ناوی (ڕەنگەکان لەبینینی خانماندا) و تیایدا (74) خانمی شێوەکار لەسە ئاستی باشوری کورستان بۆیەکەمینجار بەو فراوانییە پیشانگەیەك بکرێتەوەو خانمانی شێوەکار لەشارەکانی (سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە، ڕانیە، کۆیە، زاخۆ، خانەقین) بەشداریان لەو پیشانگەیەدا کردبوو بەکاری نیگارکێشان و سیرامیك و پەیکەرو گرافیك و ژمارەیەك خانمی سەرکەوتوو بەدەرکەوتن و پیشانگەکە لە ڕۆژی (2-9/6)ی ئەمساڵ سەعات (5:30) لە هۆڵی (مۆزەخانەی نیشتمانی- ئەمنە سورەکە)ی شاری سلێمانی کرایەوە، لەشاری هەولێر ڕۆژانی 8-9/9 لەهۆڵی (مێرگ)ی شاری هەولێر کرایەوەو دواتر لە ڕۆژی 11-9/12 لە هۆڵی (پانۆراما)ی شاری دهۆك کرایەوە.










له خانمه بەشدارەکانی ناو ئەم پیشانگەیە پێکهاتبوون لە (ئەمەل حامد، ئاڤان جەمال، ئەژین قاسم، بەیان ستار، بێگەرد عوسمان، چانی مەحمود، چنور عەبدولڕەحمان، چیا بێستون، دیدەن عەلی، دڵپاك خدر، هەتاو کەریم، هەژان سەلام، هێرۆ کەریم، کەنار عوسمان، کانی فاروق، کوێستان ئەمین، لەمیا حسین، مهاباد جەمال، نەعیمە محەمەد، ناهیدە سدیق، ساکار فاروق، سارا عەبدولقادر، سارا کەمال، سارا محەمەد، سازا عەلی، شەنگە حەسەن، شوعلە سلێمان، سۆزە حەمە سالح، تارا خالید، تاژان ئەکرەم، ڤیان نوری، خۆشی شەوقی، ژوان غازی).

یەکێ لەو کێشانەی کە بەردەوام بەرەو ڕووی هونەر بەگشتی و بەتایبەتی هونەری ژنان بۆتەوە بە ئەرشیف نەکردنی کارەکانی ئەو شێوەکارانەیە کە تاکو ئەمڕۆ کارەکانیان وەکو پێویست وەکو قۆناغێکی کاری هونەری ژنانە ناویان بهێنین و بیانکەینە نموونە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو نەبوونی ئەرشیفەوە زۆرێك لە کارەکان لەناوچوون.

سەرچاوە:

- نامەی ماستەری هونەرمەند (بێگەرد عوسمان).
-ئەرشیفی هونەرمەند ئە;رەم سەعید
- ئەرشیفی تایبەتی



















# سڕینەوەی بێدەنگ (چۆن ناوگۆڕین مێژوو دەسڕێتەوە)



د. کامەران محەمەد

ناوەکان تەنها ناولێنانێکی ئارەزوومەندانە نین؛ ئەوان دەفری شوناس و کەلتوور و یادەوەریین. کاتێک ئێمە ناوی وڵاتێک، نەتەوەیەک، یان ڕووداوێکی نیشتمانی دەهێنین، ئەوا کارێکی زیاتر لە لکاندنی وشەکان بە چەمکەکانەوە ئەنجام دەدەین - واتە ئێمە چیرۆکی گەلێک دەگێڕینەوە، مێژووەکەیان دەپارێزین و هەستکردن بە پەیوەندیدارێتی تییاندا بەهێز دەکەین. بە جۆرێک ناوەکان خشتی بونیادنانی یادەوەریی نیشتمانیی پێکدەهێنن، وەک ئەو تارانەش پێکەوە بۆ چنینی تۆڕی شوناسی کۆمەڵ کاردەکەن. بەڵام چی ڕوودەدات کاتێک ئەو ناوانە بشێوێنرێن، بەتایبەتیش لەلایەن وەزارەتێکی وەک پەروەردەوە؟ بێگومان ئەنجامەکان لەوە مەترسیدارتر دەبن، کە مرۆڤ بیریان لێدەکاتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە مەترسییەکانی ئەم پرسە، لە گوتە بەناوبانگەکەی جۆرج ئۆرویڵ وردبەرەوە، کە دەڵێت: "ئەوەی ڕابردوو کۆنترۆڵ دەکات، دەست بەسەر داهاتوودا دەگرێت، ئەوەی بەسەر ئێستاشدا زاڵ دەبێت، ئەوا ڕابردوو کۆنترۆڵ دەکات". ئۆرویڵ ئاماژەی بەوە دەکرد، کە (مێژوو) و ئەو (ناو)انەی کە دەیچەسپێنن، گۆڕەپانی جەنگی دەسەڵاتن. ئەگەر ڕێگە بە سڕینەوە یان بێ بایەخکردنی ئەم ناوانە بدەین، ئەوا ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبینەوە، کە گێڕانەوەی (مێژووی خۆمان) لەدەست بدەین و نەوەکانی داهاتوو لە دەریایەکی لەبیرچوونەوەدا جێبهێڵین.

بۆ نموونە گۆڕینی ناوی ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان لە پرۆگرامی خوێندنی میللەتێکی وەک کورددا وەربگرە. ئەوە بهێنە بەرچاوت، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا (کیمیابارانی هەڵەبجە) کە هێمای جینۆساید و خۆڕاگریی کوردە، بگۆڕێت بۆ ناوێکی وەک (ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨) یان خراپتر (ململانێی باشوور). گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە نەک هەر مەرگەساتەکە لە بەها و قورسایی سۆزداریی و مێژوویی بەتاڵ دەکاتەوە، بەڵکو چانسی ئەوەش لە فێرخوازان دەسەنێتەوە، کە لەسەر ئاستێکی قووڵ، لەگەڵ مێژووەکەیاندا ئاوێزان بن. تەواو وەک دەرکێشانی ڕەگی دارێک، بەڵام چاوەڕێی ئەوە بکەیت، کە بەرز بە ئاسماندا باڵابکات. بەبێ بوونی پەیوەندییەک بە ڕابردوویانەوە، چۆن چاوەڕوان دەکرێت گەنجانی نەتەوەیەک داهاتوویەک بونیادبنێن، کە ڕێزی لێبگرن و لێوەی فێربن؟

بە هەمان شێوە ناوی شوێن و پاڵەوان و کەسایەتییە مێژووییەکان، ئەو بەها و وانانەی کە دەیبەخشن، لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن. کاتێک وەزارەتی پەروەردە ئەم ناوانە بە کۆمەڵە وشەیەکی دابڕاو یان تەواو بیانی دەگۆڕێت، ئەوا ئەو ئیلهامە بەهادار و ئاکارییانە لاواز دەکات، کە ئەو ناوانە لەگەڵ خۆیاندا دەیگەیەنن. بیهێنە بەرچاوت کە لە وتنەوەی وانەی مێژووی کورددا ناوی (دەرسیم) بە (لەوەند) و (ئەردەڵان) بە (دۆستیی) و (چوارچرا) بە (نیما) و ...تاد بگۆڕین! دیارە زیانەکانی بێپایانن! واتە تەواو هەوڵ دەدەین، نەوەیەک لە سیمبول و شکۆ و دۆست و دوژمنەکانی دابڕین، لەگەڵ سڕینەوەی دەرسیم، جینۆساید و سەید ڕەزا و ڕاگوێزان و لەگەڵ گۆڕینی چۆارچرا و پێشەواشدا، کۆماری کوردستان و ناوی پێشمەرگە و قازی محەمەد و ... تاد لە یادەوەریماندا دەسڕێنەوە، بەشێوەیەک نەوەیەک پەروەردە دەکرێت، کە پەیوەندی بە جوگرافیا و کۆمەڵ و کەسایەتییەکانیەوە پچڕاوە، واتە دابڕان لە بزووتنەوە و ئەزموونی کۆمەڵێک لەپێناو بونیادنان و ئازادیدا.

جگە لەوەش، ئەم گۆڕانە مەترسیدارەی لەبواری سڕینەوەی ناوە مێژووییەکان لە پەروەردەدا دەکرێت، کاریگەریی ترسناکتر و دوور و درێژتری لە (یادەوەریی) هەیە. کاتێک فێرخوازان ناو و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی مێژووی خۆیان فێر نەکرێن، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەستکردن بە شوناسی خۆیان لەدەست دەدەن. شانازی نەتەوەیی دەبێتە چەمکێکی وشک و بێناوەرۆک، چیتر شتێک نیە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ئەزموون و قوربانیدانی هاوبەشیاندا هەبێت، بەڵکو لە چەمکە ناڕوون و ناپەیوەندیدارەکاندایە، کە دەتوانرێت بە ئاسانی یارییان پێ بکرێن. لەم بۆشاییەدا، فێرخوازان زیاتر بۆ مەترسییەکانی یەکسانکردنی کەلتووریی ئامادە دەبن، کە شوناسە ناوخۆییەکان لەلایەن گێڕانەوە فراوانتر و زۆرجار جیهانییەکانەوە قووت دەدرێن، ئەمەش هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیان و خەباتەکانیانەوە نییە.

سەرنج بدەنە قسەکانی ئیلی ڤیسێل، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، کە دەڵێت: "بەبێ یادەوەری، هیچ کەلتوورێک نییە، ئەگەر یادەوەری نەبووایە، ئەوا ژیار و کۆمەڵگە و داهاتووش نەدەبوو". لێرەدا کاتێک بیر لە ڕۆڵی پەروەردە لە پاراستنی یادەوەری نیشتمانیی دەکەینەوە، پەی بە گرنگیی تێڕوانینەکەی ڤیزل دەبەین. وەزارەتی پەروەردە، بە (دانایێتی) یان (گەمژەیەتی)، دەسەڵاتی دارشتنی ئەم یادەوەرییەی بەدەستەوەیە. بۆیە لەگەڵ دەسەڵاتی گەورەدا بەرپرسیارێتی گەورەش دێتە ئاراوە - بەرپرسیارێتییەک کە کاتێک ناوی گرنگی نەتەوەیی بە ناوە بێ واتاکان دەگۆڕدرێن، نابێت خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە بدزنەوە.

دواتر با گرنگی فۆلکلۆری ناوخۆیی و چیرۆکە کەلتوورییەکان لە یاد نەکەین، کە هەڵگری جەوهەری شوناسی گەلێکن. ڕەنگە قۆناغی دواتر ئەم گۆڕانکارییە ئەنجام بدرێت، ئەگەر وەزارەت بڕیار بدات، کە ئەم چیرۆکانەش، دەبێ (تازە) بکرێنەوە یان بە چیرۆکی (گشتگیرتر) یان جیهانی بگۆڕدرێن! دیارە ئەوە هیچی کەمتر نیە لە سڕینەوەی دی ئێن ئەی DNAکەلتووری نەتەوەیەک. چیرۆکەکانی قەڵای دمدم و مەم و زین و هۆنراوە و چامەی شاعیرانی کورد و ئەفسانەی پاڵەوانەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری و .. تاد، ئەمانە تەنها چیرۆک نین، بەڵکو خودی جەوهەری کوردبوونن. بەبێ ئەوان، تابلۆی کەلتوور و ڕۆشنبیریی کوردی بەتاڵ دەبێتەوە و شتێکی کەمی نەبێت، بۆ نەوەکانی داهاتوو، نامێننەوە، کە دەستی پێوەبگرن.

ئەمەش دەمانباتە سەر ئەو پرسیارە چارەنووسسازەی کە: بۆچی وەزارەتی پەروەردە خەریکی یارییەکی مەترسیداری لەوشێوەیە دەبێت؟ ئایا لە هەوڵێکی چەواشەکارییەوەیە بۆ ئەوەی پەروەردە زیاتر بە جیهان و سەردەمی مۆدێرنەوە ببەسترێتەوە؟ ئەگەر وابێت، ئەوا باشترە، وەزارەت قسەکانی فەیلەسوف جۆرج سانتایانا لەبیر نەکات، کە دەڵێت: "ئەوانەی ڕابردوویان لەبیر دەکەن، مەحکومن بەوەی دووبارەی بکەنەوە". وەزارەت بە (ڕوتکردنەوە)ی ئەو ناو و شوێن و ڕووداوانەی کە مێژووی نەتەوەیەک دیاری دەکەن، پەروەردە مۆدێرن ناکات! بەڵکو میللەتێک بەداهاتوویەکەوە مەحکوم دەکات، کە تێیدا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، واتە دەمانباتەوە بۆ نێو خولی هەڵە و شکستەکانی ڕابردوو.

لە کۆتاییدا، دەبێت لەوە بە ئاگابین، کە ناوەکان تەنها ناولێنان نین؛ بەڵکو پاسەوانی یادەوەریی و پارێزەری کەلتوور و بناغەی شوناسن. کاتێک وەزارەتی پەروەردە یاری بەم ناوانە دەکات، ئەوە سەرکێشێتی هەڵوەشاندنەوەی تۆڕی شوناسی نەتەوەیی دەکات. مەترسییەکان ڕوونن: نەبوونی هۆشیاریی مێژوویی، بێهودەیی و بێباکێتی فێرخوازان و لاوازبوونی شانازی نەتەوەیی و ...تاد. لەبەرئەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، وەزارەت واز لە یاریکردن بە مێژووی میللەت بهێنێت و داوا لە پسپۆرە پەراوێزخراوەکانی نێو خودی وەزارەتەکە بکات، کە کۆرسێک دەربارەی پەیبردن بە گرنگیی ڕاستەقینەی ناوەکان لە پرۆسەی پەروەردەیی نەتەوەیی بۆ هەڵسوڕاوانی وەزارەتەکە بکەنەوە!



# فەنا بوون



ڕوحم لەکەمانێکی شکاو دەچێ
بەهیچ کلۆجێ
زمانی نایەتە گووتن
وەلێ پڕ پرە
لە نۆتەی بریندار
لە میلۆدی دڵشکاو
دەست بۆ هەر بیرەوەریەکت دەبەم
دەڵێ : ئۆف
لێم گەڕێ بابەزامی خۆمەوە بتلێمەوە
مردن چ موسیبەتێکە
ڕێگەی نەدا وەك جاران
بڵێم :
گوڵم لەکوێی
کەی جارێکی تر
پیاسەیەك بەناو باخچەکانی نازەنیندا بکەینەوە
لەوێ تامی هەنارێکی مێخۆشی پایزیی بکەین
لەوێ لەناو ڕەنگەکاندا
تابلۆیەکی شیعرت بۆ بکێشم
کە پڕ بێت لە ڕەنگی ماچ
لە بۆنی قەنەفڵ
گەر بێیتەوە خۆم دەزانم
لەئاست جوانیتا
دووبارە شکست دێنم
دەبێ جارێکی تر
ئالای زەلیل بوون بەرز بکەمەوە
دەبێ وەك جاران
داوا لە دافینشی بکەم
ڕوخساری تۆ بکێشێ
دەبێ لەبەردەم( مانی) دا سوژدە بەرم
تابێ نەخشی تۆم بۆ بکا
خۆم دەزانم
هەرگیز قەڵەمم جورئەتی نەکردووە
وێنای جوانی تۆ بکا
خودایە
تۆ دەزانی مردن و
فەنابوونی مەعشوقەکان
قەنیلەی دوونیایەکی بەتاڵە
کپ کردنی نەغمەیان
بەژانترە
لە تەنیایی یوسف
غەریبترە لە دواین نیگاکانی مەولانا بۆ شەمس
بەسوێترە لەژانی عەزیزبۆ مەرگی سەیدەوان
من کە مەست دەبم
حەزدەکەم هەموو دوونیا بەبەر چاوەمەوە سەما بکا
شاخ و دارو بەرد بجوڵێ
من چی لە بێدەنگی و مت بوون بکەم خودایە
ئەمە چ حیکمەتێکە ..؟؟
من نەم دەویست ئەو بمرێ
دەنگی بچێتە دنیای فەنا بوون
ئەو بەشێك بوو لەروح
سیمبولی تەماشا بوو بۆ ڕوانین
ئێستا نیوە روحێك
لەتە چاوێك
خودایە پێی دەڵێی ژیان ..؟؟
خودایە بمبەخشە کەدەڵێم
هەموو ڕووباری شەرابەکان بۆ خۆت
هەموو پەری و پەریزادەکان بۆ خۆت
تەنها روخسەتت دابا
جارێکی تر
لەژوانێکی تر
لە دیدارێکی تر
هەنارێکمان لەتکردبا

عومەر حاجی




# خۆم ئەکێشم

دووکیلۆم کەمکردووە
هێشتا قورسە سەرم
کەم ناکا
خۆم ئەکێشم
بە قەڵەمێکی ڕەساس بەکاڵێ
سەرم تۆخە و کاڵ نابێت
غەمم
خۆم ئەکێشم بەدارا بەبەردا
ناشکێ و نارژێت
خەیاڵ لەسەرم
خۆم ئەکێشم وەکو وید و حەشیش و دەرمان
مەست نابێت سەرم
سڕ نابێ
دەردم
خۆم ئەکێشم وەک نەخشەی شعرێک
دەرناچێ ڕێک نابێت
لارە
شانێکی ئەوێت
بیکێشێت سەرم

نەشمیل علی بەرزنجی



# کەرکوکو دواخستنی سەرژمێریی

## مەلا فەرمان



ڕاستە دەوترێت "وڵاتێک خاوەن داتایەکی دروستنەبێت وەک ئەوە وایە چاوت نوقاندبێتو لەشەوێکی تاریکدا ڕێگە بکەی"، بەڵام ئەم قسەیە بۆ وڵاتێکە کێشەی خاک، نەتەوەو دەستوری نەبێت، نەک وڵاتێکو هەرێمێک گەندەڵیو نادادپەروەری سەرتاپای جومگەکانی حکومڕانی داپۆشیبێ، دەسەڵاتو سەروەریەکەی لەژێر پرسیاردابێت. نەک وڵاتێکی وەک عێراق لە2005 دەستورێکی هەمیشەیی هەیە، کەچی حکومەتەکەی زۆرێک لەمادەکانی جێبەجێنەکردوە، دوو پێکهاتەی گرنگی وەک کوردو تورکمان بەدرێژایی 35 ساڵی حوکمی بەعس ستەمیان بەرامبەر کراوەو مافیان زەوتکراوە، ئەم حکومەتەی ئێستا بەگوێرەی دەستوریش مافە زەوتکراوەکانیانی نەگەڕاندۆتەوە.

لەکەرکوکو تەواوی ناوچە کێشە لەسەرەکان هێشتا ئاسەواری بەعس نەک نەسڕاوەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی تر بەردەوامی هەیە، پەرلەمانێک دوای 21 ساڵ لەڕوخانی بەعس ئامادەنییە لەپەرلەمان دەنگ لەسەر پوچەڵکردنەوەی یاساکانی بەعس بدات، یان سادەترین مافی هاوڵاتی کە موچەیە بەدەست هەولێرو بەغداوە بوەتە پرسێک هاوڵاتیانی توشی نەخۆشی دەرونیو کێشەی کۆمەڵایەتی کردوە، بۆیە هەموو هەنگاوێکی ئەم دوو دەسەڵاتە جێی گومانە.

لەدوای 2017 وەک لەبەشی یەکەمی ئەم نوسینە ئاماژەم پێدا، لەکەرکوکو ناوچە دابڕێندراوەکان گۆڕانکاریی گەورەی دیمۆگرافی ڕویدا، سیمای جادەو شارەکان بەڕادەیەک گۆڕانی بەسەرداهاتوە کاریگەریی لەکەلتوری ڕەسەنی ناوچەکە کردوە، ئەم هەنگاوەش دژی قۆناغی ئاساییکردنەوەی مادەی 140.

لەڕۆژانی ڕابردودا کۆبونەوەی نێوان حکومەتی هەرێم بەدەستپێشخەری سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمو نوێنەری حزبە کوردیەکانو چەند کەسایەتیەکی ئەم ناوچانە ئەنجامدرا، دەرکەوت:

1- حکومەتی هەرێم بێ گەڕانەوە بۆ ڕای دانیشتوانی کەرکوک بەچەند مەرجێک ڕازیبوە لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی.

2- ڕای زۆربەی هەرەزۆری ئامادەبوان لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەکە نەبون، چونکە بەزیانی پێکهاتەی کوردە.

3- ئەنجامی ئەم سەرژمێریە دەبێتە بنەماو دورنییە جێی ئاماری ساڵی 1957 بگرێتەوە، چونکە بەپێی ئەم پرۆسەیە، کەسێ لەکوێ تۆمار دەکرێ دەبێت بەخەڵکی ئەو شوێنە.

4- ئەو چەند بەڵێنەی حکومەتی عێراق بەهەرێمی داوە، جێی متمانەو بڕواکردن نییە، وەک ئەوەی کە پەیوەندیەک لەنێوان ئەم سەرژمێرییەو ساڵی 1957 دروستبکرێت.

بەکورتی، پێویستە حکومەتی هەرێم بڕیاربدات:

1- داوا لەبەغدا بکات، پرۆسەی سەرژمێریی دوابخرێت، تا قۆناغی ئاساییکردنەوە لە140و جێبەجێدەکرێت، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی دوای 2017 کراون لاببرێن.

2- ئەگەر پرۆسەکە دوانەخرا، بۆ ئەوەی کورد خۆی شەرعیەت بەپرۆسەکە نەدات، باشترە کورد بەشداریی لەپرۆسەکە نەکات (بایکۆت).

3- ڕاگەیاندنو هەموڵایەنەکان بەئەرکی خۆیان هەڵسن لەبەئاگاهێنانەوەی شەقامی کوردستانی لەگرنگی ئەم پرۆسەیە.

لەکۆتاییدا، دروست نییە هیچ لایەنێکی سیاسی یان دەسەڵات بەئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە ڕازیبێت بەرامبەر بەموچە، بودجە یان هەر دەستکەوتێکی تری سیاسیو حزبی، یان بەهۆی سەرقاڵی بەهەڵبژاردنەوە لەهەرێم ئەم پرسە بەکەم سەیربکرێ.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

# ئادیامان

شارێکی مێژوویی باکووری کوردستانە، مەڵبەندی پارێزگای ئادیامانە کە ڕووبەرەکەی 7871 کم دووجایە. دانیشتووانی ناوچەکە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن. دەڤەرەکە پێکهاتووە لە 6 ناوچە و 241 گوند. ساڵی 1980 دانیشتووانی ئەم پارێزگایە 55020 کەس بووە. شاری ئادیامان لە کۆندا ناوی (حەسەن مەنسوور) بووە. لە سەردەمی ئیسلامییەکاندا بنکەیەکی پتەو بووە بەرانبەر بە بیزەنتییەکان. ئەم دەڤەرە لە مێژوودا لەلایەن بیزەنتییەکان و سەلجووقییەکان و مەمالیکەکانەوە داگیر کراوە. لە ساڵی 1516 دا کەوتووەتە دەست عوسمانییەکانەوە. ئەم پارێزگایە بەگشتی گەلێک شوێنەواری مێژوویی تێدا ماوە.

کوردپیدیا



سەرژمێری کەرکوک ساڵی 1957

تعداد عام السكاني كركوك سنة ١٩٥٧

| | |
|---|---|
| کورد | ١٨٧٥٩٣ |
| عەرەب | ١٠٩٦٢٠ |
| تورکمان | ٨٣٣٧١ |
| کلدو ئاشور | ١٦٠٥ |

- ٢٤٣ -

الجدول السادس عشر ـ

تصنيف السكان من حيث الجنس ولغة الام للواء كركوك

| لغة الام | مدينة كركوك | | | بقية لواء كركوك | | | المجموع الكلي للواء كركوك | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ذكور | اناث | المجموع | ذكور | اناث | المجموع | ذكور | اناث | المجموع |
| عربي | ١٥٠٠٨ | ١٢١١٩ | ٢٧١٢٧ | ٤١٧١٦ | ٤٠٧٧٧ | ٨٢٤٩٣ | ٥٦٧٢٤ | ٥٢٨٩٦ | ١٠٩٦٢٠ |
| كردي | ٢١٢٨١ | ١٨٧٦٦ | ٤٠٠٤٧ | ٧٤١١٠ | ٧٣٤٣٦ | ١٤٧٥٤٦ | ٩٥٣٩١ | ٩٢٢٠٢ | ١٨٧٥٩٣ |
| ايراني | ٦٠ | ٤١ | ١٠١ | ١٧ | ٥ | ٢٢ | ٧٧ | ٤٦ | ١٢٣ |
| تركي | ٢٢٥٦٤ | ٢٢٧٤٢ | ٤٥٣٠٦ | ١٨٩٩٢ | ١٩٠٧٣ | ٣٨٠٦٥ | ٤١٥٥٦ | ٤١٨١٥ | ٨٣٣٧١ |
| انكليزي | ٣٩١ | ٢٤٣ | ٦٣٤ | ٤٢ | ٢١ | ٦٣ | ٤٣٣ | ٢٦٤ | ٦٩٧ |
| فرنسي | ٢٢ | ١٣ | ٣٥ | ٦ | – | ٦ | ٢٨ | ١٣ | ٤١ |
| هندي | ٥٣ | ٢٦ | ٧٩ | ٥ | ٣ | ٨ | ٥٨ | ٢٩ | ٨٧ |
| كلداني وسرياني | ٧٧٤ | ٧٣٥ | ١٥٠٩ | ٤٨ | ٤٨ | ٩٦ | ٨٢٢ | ٧٨٣ | ١٦٠٥ |
| لغات أخرى | ٢٢٦ | ١٩٢ | ٤١٨ | – | – | – | ٢٢٦ | ١٩٢ | ٤١٨ |
| غير مبين | ٢٦٨٤ | ٢٤٦٢ | ٥١٤٦ | ١١٣ | ٢٥ | ١٣٨ | ٢٧٩٧ | ٢٤٨٧ | ٥٢٨٤ |
| المجموع | ٦٣٠٦٣ | ٥٧٣٣٩ | ١٢٠٤٠٢ | ١٣٥٠٤٩ | ١٣٣٣٨٨ | ٢٦٨٤٣٧ | ١٩٨١١٢ | ١٩٠٧٢٧ | ٣٨٨٨٣٩ |

# فایەق بێکەس
## شاعیری کورد

فایەق بێکەس (١٩٠٥ لە سلێمانی - ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ )، یەکێکە لە شاعیرە بە ناوبانگەکانی کوردستانە.

ژیان

فایەق بێکەس، کوڕی "عبداللە بەگ"ی کوڕی "کاکە حەمە"ی کوڕی "ئەلیاسە قۆجە"یە. بنچینەی بنەماڵەیان لە قەڵاچوالانەوە هاتووەتە سلێمانی و خۆی لە ١٩٠٥دا لە سیتەک هاتووەتە ژیانەوە، ئەو دێیەش بیست کیلۆمەترەیەک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە دوورە و ئەو ئەوساتەش سیتەک سەنتەری "شارباژێر" بووە. عبدوڵڵا بەگی باوکی لەوێ "تابوور ئاغاسی" بووە. لە دایکیشیەوە لە بنەماڵەی ئاغەلەرەکانی سلێمانییە.[٣]

ساڵی یەکەم و دووهەمی تەمەنی لە سیتەک بەسەربردووەو، پاشان ماڵیان هاتووەتەوە سلێمانی و لە تەمەنی سێ ساڵیدا ئاوەڵەی دەرداوە. هەر بە مناڵی باوکی لە حوجرەی فەقێ خستوویەتیە بەر خوێندن.

لە ١٩١١دا باوکی بە ئیشی میری نێرراوە بۆ خانەقی و لەوێوە بۆ بەغدا. لە بەغداوە ئەنێرێ بە دوای ماڵ و منداڵەکەیدا و ئەیانباتە ئەوێ. پاش ساڵێک خۆی چووە بۆ تورکیا و ئەوانی لە بەغدا بەجێهێشتووە. ئیتر فائق باوکی نەدیووەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا حەمە سەعیدی برا گەورەی لە ئاوی دەجلەدا ئەخنکێ و دوابەدوای ئەو دایکیشی کۆچی دوایی دەکات و فایق ئەکەوێتە لای خاڵی. ئەویش پاش چەند مانگێک ئەمرێ و فایق و تاهیری برای بچووکی بە بێکەسی ئەمێننەوە.

ئەو ساتەی شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت، ڕێی هاتوچۆی نێوان بەغدا و سلێمانی دەگیرێت. "حاجی ئەمینی کاکە حەمە"ی مامی لە سلێمانییەوە ئەنێرێتە لای "حاجی عەلی ئاغا"، ئەوەی لە بەغدا بووە، کە چاودێری فایق و براکەی بکات و هەر میراتێکیان لە باوک و دایکیانەوە بۆ مابێتەوە بۆیان خەرج بکا. ئەویش ئەیاندات دەستی "حەبەخان" ناوێک، ئەوەی خێزانی ئەفسەرێکی خەڵکی سلێمانی بووە و لە بەغدا دانیشتووە.

ژنەکەش مەردانە ئەیانخاتە ژێر باڵی بەزەیی خۆی و وردە وردە پێیشیان ئەخوێنێ. دوو سێ ساڵێک بەم جۆرە ژیان بەسەردەبەن. لە ١٩١٧دا کەساسییەکی زۆریان تووش دەبێ. لە ١٩١٨دا حەبە خان ئەیانباتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای "حاجی ئەمین"ی مامیان.

فایق لە سلێمانی ئەخرێتە قوتابخانە و لە پۆلی سێهەمدا وەرئەگیرێ و تا ساڵی ١٩٢٣ لەسەر خوێندن بەردەوام دەبێت. هەموو ساڵێ بە یەکەم دەرئەچێ. لەو ساڵەدا لەسەر ئارەزووی مامی ئەچێتە قوتابخانەی "علمیە" لە کەرکووک. بەڵام بۆی ڕێناکەوێ لەوێ بخوێنێ، ئەچێتە بەغدا و ساڵی ١٩٢٤ - ١٩٢٥ لە "دار العلوم" بەسەرئەبا. لەوێش لەبەردەم بژێوی بژی و لە ساڵی ١٩٢٦ - ١٩٢٧دا ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. لەوکاتەدا سلێمانی تەنها پۆلی یەکەمی ناوەندیی تیا بووە، ناچار تێی ئەچێ.

لەو ساڵانەدا تەنگوچەڵەمەی ژیان ناچاری ئەکا دوکانێکی جگەرەچێتی بکاتەوە، بەڵام ئەمەش سەرناگرێ و دەستدەکات بە جگەرە و شقارتە فرۆشتنی دەستگێڕی و پاشان پەنا ئەباتە بەر "ئەشغال" و بە ڕۆژانە لە ڕێگای عەربەت ئیش ئەکاو چەند مانگێک لەسەر ئەم ئیشە دەبێت.

لە ١٩٢٨دا بۆ ماوەی چەند مانگێک لە هەولێر ژیاوە. لەو سەردەمەدا خوالێخۆشبوو "قالەی ئایشە خان" ئەندازیاری ئەشغاڵ بووە و سەرپەرشتی کردنەوەی ڕێگای هەولێر - ڕەواندز - ڕایاتی کردووە. بێکەس دۆستی لە ئەشغاڵ دامەزراندووە. هەر لەو ساڵەدا بێکەس ئەبێ بە مامۆستای "زانستی" و لە ١٩٢٩دا ئەبیستێ باوکی لە مەرعەش لە تورکیا مردووە. لە ساڵی ١٩٣٠دا بە هەر دەردی سەرییەک بووە بەدوای میراتی باوکیا ئەچێ بۆ تورکیا، هەر لەو ساڵەدا بە نائومێدی ئەگەڕێتەوە.

هەر لەو ساڵەدا بوو ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوول لە دژی هەڵبژاردنە ساختەکەی دەزگای پادشایەتی ڕوویدا. بێکەس یەکێک بوو لەو نیشتمان پەروەرانەی سەرکردەی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد و تێیدا برینداریش بوو.

لەئەنجامی ئەو ڕۆڵەدا ئەیگرن و ئەیخەنە بەندیخانەوە. هەر لەسەر ئەم بەشداربوون و سەرکردەیییەی لەسەر کاریش لایئەبەن. هۆنراوە بەناوبانگەکەی "ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم..."ی لە ناو بەندینخانەدا نووسیوەتەوە

فایەق بێکەس



| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٠٥<br>کوردستان<br>سیتەک، سلێمانی |
| مەرگ | ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ |
| نەتەوە | کورد |
| پیشە | شاعیر |
| هاوسەر | شەفیقە سەعید[1] |
| منداڵ(ەکان) | شێرکۆ بێکەس |









ئەو ساتەی لە بەندیخانە دێتە دەرەوە، قوتابخانەیەک ئەکاتەوە بۆ ئەوەی وانەی تێدا بڵێتەوە و پێی بژی. لە ١٩٣٣دا میری وەرئەگرێ بە مامۆستا و ئەینێرێتە مۆرتکەی بازیان و پاشان ئەینێرێتە تەوێلە. لە هاوینی ١٩٣٥دا لەگەڵ کۆمەڵە مامۆستایەک، لەوانەش یەکێکیان مامۆستا گۆرانی شاعیری بەناوبانگ بووە، بەشداری لە کۆرسێکدا کردووە لە بەغدا بۆ مامۆستایان ئامادە کراوە. بێکەس لەو سەردەمەدا مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بازیان بووە.

لە ساڵی ١٩٣٧دا لە وزەی میریدا نامێنێت. مامۆستایەکی نەترسی وەها لە سلێمانیدا هەبێ گیانی خەبات و کوردایەتی بڵاوبکاتەوە، دووری ئەخاتەوە بۆ حیللە و پاش ساڵێک ئەینێرێ بۆ عەمارە. بەڵام بێکەس ڕازی نابێت بچێ و دەست لە ئیشەکەی هەڵئەگرێ و دێتەوە سلێمانی. لەوێش قوتابخانەیەک ئەکاتەوە تا ١٩٤١ وانەی تێدا ئەڵێتەوە. ئەنجا ئەیکەنەوە بە مامۆستای قوتابخانەکانی میری و تا دوایی ساڵی ١٩٤٨دا لە قەرەداغ و سلێمانی و سورداش و هەڵەبجە مامۆستا ئەبێ.

بێکەس جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی و تاڕادەیەک ئینگلیزیشی زانیوە. بەتایبەتی لە عەرەبیدا دەسێکی باڵای هەبووە. هۆنراوەیەکی زۆری عەرەبی لەبەربووە. هەروەها بڵاوە، کە "معلقاتی سبعە" بەتەواوەتی لەبەربووە.

خێزان و منداڵەکان

بێکەس دوو ژنی هێناوە. یەکەمیان لە ساڵی ١٩٣٥دا، بەڵام پاش ساڵێک بە نەخۆشی دەردەباریکە کۆچی دواییکردووە و مردنەکەی کارێکی زۆری کردۆتە سەر دەروونی بێکەس و وای لێکردووە ماوەیەک گۆشەگیری بیێت.

لە ژنی یەکەمی کچێک و لە ژنی دووهەمی کە ناوی «شەفیقە سەبیح» بووە دوو کچ و کوڕێکی بووە. کوڕەکەشی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەسە.

ناوەرۆکی هۆنراوەکانی

فایەق بێکەس شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و دژی بێگانە پەرستی بوو. لە سەردەمی خۆیدا پاش خانی و حاجی قادر، یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی نیشتمانپەروەری بووە. هۆنراوەی بیست و حەوت ساڵەکەی کە تێیدا ڕووی دەمی لە داگیرکەرانی کوردستانە، یەکێک لە هۆنراوەی هەرە مەنشوورەکانی وێژەی کوردییە.

ناوەرۆکی هۆنراوەکانی

فایەق بێکەس شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و دژی بێگانە پەرستی بوو. لە سەردەمی خۆیدا پاش خانی و حاجی قادر، یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی نیشتمانپەروەری بووە. هۆنراوەی بیست و حەوت ساڵەکەی کە تێیدا ڕووی دەمی لە داگیرکەرانی کوردستانە، یەکێک لە هۆنراوەی هەرە مەنشوورەکانی وێژەی کوردییە.

نموونەیەک لە شیعرەکانی

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم شێوەتم بیرکەوتەوە     وەختی بەندەییو ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تێنەگەی     حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە
بەو خوایەی بێشەریک و لامەکان و واحیدە     عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر     قەت گڕو کڵپەو بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
باسی مەحزوونی و کەساسیی خۆت نەکەی توخوا وەتەن     چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە
ماتەمینی تا بە کەی، دەی پێکەنە و سەر هەڵبڕە     موفتەخیر بە، شوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە
نەگبەتی لاچوو، سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ     کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە، ئەدرەوشێتەوە
گەرچی بەینێکە زەلیل و دیلی دەستی زاڵمی     نۆبەتی شادیتە ئەمجا ناحەزت لێک بێتەوە
لافی میللییەت بە دەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە     ڕۆژی هەوڵە، هەر بە هیممەت گۆی هونەر ئەبرێتەوە
بێقوسوورە، چەند جەسوورە صەد شوکر ئەولادەکەت     وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە
بەسیە، تەعنەم لێ مەدە، هەر ڕۆڵەکەی جارانتم     هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا

# تێرامان و خوێندنەوەیەکی تر، بۆ دەوڵەت و خێڵ..(١)



گەلی عێراق لە بارو دۆخێکی مێژوویی گەورەی ، لێک جیاوازدا دەژین ، عەقڵ بە زەحمەت دەتوانێ پەیان پێ پێ ببات ،چاودێران لە بەداچوونەکانیان دا ، هیلاک دەکەن ،ئەگەر بە لاپەرەی مێژووی عێراقی چەرخی نۆزدەهەم و دەوڵەتی عوسمانی دا بچینەوە ،دەگەینە ئەو ئەنجامەی ،کە رای مێژوو نوسان ئەوەیە ، عێراق لەو سەردەمەدا ، گۆڕستانی خێڵەکان بووە .

فالح عەبدولجەبار

لەم توێژینەوە وردو قوڵە ی فالح عەبدولڤجەبار ، نوقمی تێرامانێکی قوڵ دەبین. لێرەدا کۆمەڵگای کورد دەخوێنینەوە ،بۆ بەرگی سێیەمی کتێبی (رەشەبای ژەهرو ئەنفال ) خوێندنەوەیەکی ترم بۆ کرد.

ئەم خوێندنەوە یە، فالح عەبدولجبار کۆمەڵگای باشوور ی کوردستانیش دەگرێتەوە ، لە بەر ئەوەی کوردلە ژێر کاریگەری کلتوری عەرەبی عێراق دایە ، باشووری کوردستانی ،دەسەڵات دارانی هەرێم بۆ خانەوادەو بنەماڵەو خێڵ و عەشرەت و شێخ و تەریقەت و حیزبە .

ئێستا لە هەرێم ی کوردستان دا، دوو چین هەیە ، چینی یەکەم ،چینی پلە باڵاکان و چینی دووەم چینی ژێنە نەهامەتیەکان ،چینی ناوەند لە نێوان چینی پلە باڵاکان و چینی ژێنە نەهامەتیەکان نەماوە و نییە.

چینی یەکەم ،چینی پلەی باڵا کان ، لە (خانەوادە و بنەماڵەو خێڵ و عەشرەت وشێخ و تەریقەت وحیزب) پێک هاتوون ، خاوەنی کۆمپانیاو بزنز وسەرمایەی خەیاڵین ،بانقی ژێر زەمینی نهێنی یان لە ناوەوەو دەرەوە هەیە ، خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی وئابوری و کۆمەڵایەتی و میدیا و هەموو کایەکانی ژیانن ، بە کۆشک و تەلاری بیناسازی مۆدرێنەوە ، بە لام لە ژێر سێبەری دەستوورو یاسا و رێسکانی خێڵ.

چینی دوەم ، چینی ژێنە نەهامەتیەکان ،هەموو ئەو چین و توێژانە دەگرێتەوە ، بە بەری رەنج و ماندوو بوونی تاقەت پروکێنی خۆیان دەژین ، ئەم چینە لە دەرەوەی بازنەی چینی پلە باڵاکانن ، جگە لەو داهاتە دیاریکراوە کەمەیان ،هیچ داهاتێکیان نییە و ژیانیان قورس و ئاڵۆزە .

چینی پلە باڵاکان ، ئەوەندە چاو برسین ، بە فێڵ و تەڵەکە و سیناریۆی جیا جیا ،لەو داهاتە کەمەی چینی ژێنە نەهامەتیەیان ،دەدزن و دەیبەن بۆ خۆیان .

چینی پلە باڵا ن ،لە سەرووەی یاساو رێساو دادگاوەن ،رۆژانە دەیان کاری نابەجێ و نەشیاو هەڵەی گەورەو تاوان لەم لاو ئەولا ، ئەنجام دەدەن ، هیچ یاساو رێساو دادگایەک ناتوانێت ، لێپرسینەوەیان لە گەڵ دا بکات ، خۆیان یاری بەیاساو دادگاوە دەکەن.

رۆژانە دەیان کەس لە چینە ژێنە نەهامەتیەکان ، بەهۆی کێشەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و قورسی و ئاڵۆزییەکانی ژیانیانەوە ، رووبەرووی یاساو رێساو دادگا دەکرێنەوە ،زیندانەکانیان لێ پردەکەن ، یاساو دادگاو زیندانەکان تەنیا بۆ چینی ژێنە نەهامەتیەکانە .

ئایا کۆمەڵگای کوردەواری ، بەو هەمووو جیاوازیانەوە ، بەوهەموو بێ سیستەمی و بێ و دەستووریی و بێ یاسا و بێ رێسایی و بەو هەمووو ناعەدالەتیەوە ، بە عەقڵی تونددوتیژی مەزاجی چینە باڵاکانی دەسەڵاتدارانی حیزبی حکومی ، ئەم نیشتمانە یان نەکردوە بە گۆڕستان ، بە دۆزەخ بۆ چینی ژێنە نەهامەتییەکان .

فالح عەبدولجبار ، لەم توێژینەوە چڕەدا ،باسی هۆزو خێڵە کانی کردوە، پێش ئەوەی لە دەشت و بیابان و گوندەکانەوە ، روو بکەنە عێراق ،چۆن هەموو سیماو نەریتەکانی هۆزو خێڵەکانیان بەو پەڕی پەرۆشییەوە پاراستووە ،بەڵام کە دەگەنەعێراق ، هۆزو خێڵەکان نەیانتوانیووە ، لە گەڵ هەل و مەرجی نوێی شارو شارۆچکەکان و لە گەڵ داب و نەریتەکانی شاردا هەڵسوکەوت بکەن .

خێڵەکان لە شارەکان دا. بوونە هۆی سەرهەڵدانی دەیان کێشەو ململانێ ، لە گەڵ دابونەریتەکانی شاردا،پەنایان برد وەتە بەر رەفتارە پڕلە توندو تیژییەکانیان ،کە پڕبوو، لە رق وکینەو تۆڵەو تۆڵەکردنەوە ی هێزی خێڵ و عەشرەت ، لە یەکتریی .

بەمەش نمایشی ئازایەتی وقارەمانی خۆیان دەنوێن ، چۆن توانیان خۆیان بگەیننە نێوو کایەی دەسەڵاتی بەڕێوە بردنی سیاسی و سەربازیی.

شێخ وسەرەک عەشرەتەکان دیواخانی ناو رەشماڵ و چادریان گواستەوە بۆ ناو کۆشک و دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکان ،ژیانی کۆچ وکۆچ بەریان کرد بە نیشتەچی بوون ،بە هەموو توانایانی خۆیانەوە ،هەموو رەفتارو داب و نەریتە دیارو تایبەتمەندەکان خێڵ یان گواستەوە بۆ ناو دام و دەزگاکانی (دەوڵەت وپەرلەمان وکایەسیاسییەکان ) .

شەپۆلی کۆچی جوتیارانی گوندەکان بۆ شارەکان، بووە هۆی ئەوەی چەندان گەڕەکی نوێ لە شارەکان دا دروست ببن ،خۆیان دەیان پاراست.

لە 1968 حیزبی بەعس جارێکی تر بە کۆدەتایەکی سەربازی گەڕایەوە بۆ دەسەڵات ،هێرشی توندیان کردە سەر عە بدولسەلام عارف و عە بدولڕەحمان عارف ، بە خێڵایەتی ناویان بردن ،لە کۆنگرەی هەشتەمی هەرێمایەتی حیزبی بەعس دا لە 1975 دا ،سەدام حسین و تارق عەزیز گاڵتەیان بە عەبدولسەلام عارف دەکرد ،جنێویان پێ دەدا ، لە بەر ئەوەی ئەوان بۆ بەهێز کردنی پایەی دەسەڵاتیان پشتیان بە دوو هێزی کۆمەڵایەتی بەستبوو .

یەکەمیان : ئەو کۆمەڵە سەربازانەی ، کەلە خۆیانەوە نزیک بوون .

دووەمیان : الجمیلات کە لقێکە لە هۆزی دلێم .


ئەوان ئەوەیان زۆر بەلاوە سەیر بوو ،عەبدولسەلام عارف بۆ ئەوەی کۆدەتا ، بەسەر رژێمی پاشایەتی دا بکات، پەنای بردە بەر هێزێکی خێڵەکی و هێزی عەسکەری (ئەفسەران) ،ئەم کۆکتێلە بووە هۆی ئەوەی سەربازەکان ، پێکهاتەی دەوڵەت و نوێنەرایەتیان تێک بدا ،سەرچاوە وبنەما شەرعێتەکانیان خاپور کرد.

وەک ( دەستوور ...پەرلەمان ..ئەنجومەنی پیاو ماقوڵان)و کەوتنە ململانێ ی یەکتری بە چەک ، لە بەر نەبوونی شێوازەکانی ململانێ ی هاوچەرخی وەک (گفتو گۆ ..پەرلەمان ...دەنگدان ...راپرسی ).

لەم ناکۆکیەیانەدا ، یەکتریان قبوڵ نەدەکرد، پیلان دژی پیلان سەری هەڵدا ، لە 1958 - 1968 کە 10 ساڵ بوو ، نزیکەی 300ئەفسەر ، لە سوپای عێراق کوژران وپاکتاوکران و دوورخرانەوە.

ئەم دیاردانە بونە نەریتێکی نوێ ورۆڵی سەروەریی یاسایان وەلانا ،پەنایان بردە بەر توندوتیژی وهێزوچەک ،دیکتاتۆرێک بە پاڵپشتی چەند ئەفسەرێکی دیارو چەند سەرۆک خێڵێک ،دەستیان بەسەر سوپادا گرت .

بەپێ ی نەریتی خزمایەتی و تیرەو خێڵ،دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی خۆیان سەپاند ،عەبدولکەریم قاسم پشتی بەهێزی سوپا بەستبوو ،عە بدولسەلام عارف پشتی بە خزم و عەشرەتەکەی و سوپا



عەبدوڵڵا کەریم

# تێرامان و خوێندنەوەیەکی دی بۆ دەوڵەت ..(2)

لە توێژینەوەی دەوڵەت و خێڵەکەی (فالح عەبدولجەبار ) دا ، ڕۆشنایی خراوەتە سەرلاپەڕەکانی ژیانی سەدام حسین :

سەدام سوودی ، لە ئەزمونی هەردوودەسەڵاتە تێک شکاوەکەی ، .پێش خۆی وەرگرت ،گەیشتە ئەو بڕوایەی بە تەنیا ( سوپا ) یا (سوپاو خێڵ)، ناتوانن پاڵپشتی دەسەڵاتێکی بەهێز ی تۆتالیتار و بەردەوام بێت .

لە ساڵی1963-ی حیزبی بەعس لە کۆدەتایەکدا تێک شکا ، ئەمە بوو ئەزمونێکی نوێ ی لای سەدام ،دەسەڵاتی خۆی لە کۆکتێلی ( حزبی و جەماوەریی و سیستەمی خزمایەتی وعەشایەریی و خێڵەکی ) پێک بێنێت .

پلەو پایە ببەخشێ بە ئەمن وئیستیخبارات و کەسە دەستە مۆکانی دەوروبەری خۆی بۆ دامەزراندنی ، دەزگایەکی ( ئەمنی توندو تیژ و ترسناک) .

هەموو خولیاو خەونەکانی وەک جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بهێنێتە دی، هەموو کەسە نزیکەکانی خانەوادەکەی و بنەماڵکەی و خێڵەکەی لە خێڵی (بیجات) بە تایبەتی بەرەی خەزووری کە ناسرابوون بە(البوغەفور) خستە ناو کایە گرنگەکانی دەسەڵات.

سەدام لەسەرپیلان و نەخشەو بەرنامەیەکی داڕێژراوی چڕ و پڕو ورد ،هەموو تواناى خۆی خستە گەڕبۆ گرنگی دان بەخزمەکانی لە نێو حیزبی بەعس ،دەسەڵاتی کۆماری عێراق ، لە (دەزگاکانی ئەمن ، ئیستیخبارات ، موخابەرات ، سوپا . هێزی تایبەتی )دروست کرد ، بۆ ئەوەی توندوتیژیی ببینن ، بۆ پارێزگاری لە خۆی و کۆشکەکانی ).

بەمەش لە جوغرافیایەکی بچوکی ( عوجە و کریت) -وەو توانی کۆنترۆڵی هەمووعێراق و بکات .

سەدام کورە هەژارو نەدارەکانی کانی خێڵەکەی هان دا، دەست بەرداری خوێندن بن،بە بروانامەی خوێندنی (سەرەتایی ،ناوەندی ،ئامادەیی)ەوە بچنە خولە تایبەتییەکانەوە ، بۆ ئەوەی ببن بە ئەفسەر ، لەدام ودەزگاکانی (ئەمن ،ئیستیخبارات ،موخابەرات ،سوپا ،هێزی تایبەتی) بۆ پارێزگاری لە کۆشکەکانی.

بەمەش هەموو نە خوێندەوارو خوێندەوارانی پلە نزمی هۆزی (بیجات) لە پلەو پایە جیاجیاکان ، لە (حیزبی بەعس و حکومەت )، وەک جەلاد و لێپرسراوی خاوەن دەسەڵاتی ترسناک دەرکەوتن و ڕۆڵیان بینی و ناوبانگیان پەیدا کرد.

سەدام توانی لە گوندێکی بچوکی (عۆجە)وە سیستەمی خێڵەکی و عەشایەریی هۆزو تیرە ، بەدەسەڵاتێکی بەهێزەوە ، بگەیەنێتە ناو حیزبی بەعس و دەوڵەتی عێراق ،بە شێوەیەکی ئەوەندە دڵرەقانە و بێ بەزەییانە ، بە سیناریۆی جیا جیا ، هەموو کادرە بەتواناانی حزبی بەعسی کوشت . بە دام و دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەرات ، سیستەمێکی دەسەڵاتی سەدامانەی بە جۆرێک چەسپاند ،هیچ متمانەیەکی لە نێوان لێپرسراوەکانی بەعس دا نەهێشت .

هەمووی سەرکردەو دەسەڵاتدارانی بەعس و دەوڵەتی کرد بە کۆیلەی خۆی ، هەمووشتێک لە ناو حیز بو ؛لە هەمووعێراق دا مایەی (ترس و گومان ) بوو،بە جۆرێک حیزبی لە ناو دەوڵەت ودەوڵەتی لە ناو حیزب دا چەسپاند .

( خێڵی بیجات) و هۆزی (البوغفور)بونە گەوە رەترین دەسەڵاتی باڵای هەموو کایە سیاسییەکانی حیزبی بەعس و دەوڵەتی عێراق.

بەمەش عەقڵی بەستەڵەکی خێڵەکی و گۆشکراو بە هێزی عە شایەری و پشت بەستوو بە توندو تیژی و رق و کینەو پیلان وتۆڵە و تۆڵە کردنەوە، لە ژێر پەردەی ئایدۆلۆژیای و نوێگەریی وپێشکەوتن وسۆشیالیزم و ناسیۆنالیزمێکی داخراوی عەرەبی چەق بەستودا سەپاند .

هەندێ لە سەرکردایەتی سیاسی کورد ، دەبوایە پەیڕەوی هەمان بەرنامەو نەخشەی گرێی ئاڵۆزی سایکۆلۆجی سەدام وحیزبی بەعس یان نە کردایە ، بەرنامەی خێڵەکی و عەشایەری و خانەوادەو بنەماڵەی خێڵ و تەریقەتی ئاینی یان ، بە بەرنامەی جیا جیا نەهێنایەتە ناو کایەکانی حیزب و حکومەت و دام ودەزگا گرنگە کانی بەڕێوەبردن .



حیزبە کوردییەکان لە دوای ڕاپەڕینەوە ، کەس و کارو بنەماڵەکانیان لەهەموو کایەکانی حیزبی و حکومی دا دانا ، ڕۆڵی گرنگیان پێ سپاردن . ئەو ڕوخسارانە ش ، هەموو کارەکانی حیزب و دەوڵەتیان ، بەخشی بە کوڕو کچی خانەوادەو بنەماڵەوهۆزو خێڵ و عەشرەت وشێخ و تەریقەتی ئاینی.

لێرەدا (عۆجە )جارێکی تر ، بە بە جۆرێکی تر ، لە جوگرافیایەکی بچوکی تر دا ر، هەڵدەتۆقێ و ڕۆڵی سەرەکی وپێشەنگ دەبینێ ، لە هەبوو لە هەموو کایەکانی حیزبایەتی دا ، لەسەرەوە بۆ خوارەوە ، لە ئۆرگانەکانی حیزبەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو هەموو کایەکانی پەرلەمان و حکومەت و هەرێم و دەوڵەت .

گەرهەر تاکێک لە نیشتمانە ، سەربە یەکێک لەو حیزبانە نەبێت، ئەوا مافی هاوڵاتی بونی نییە ، ڕۆڵی هەبێ لە کایە جیا جیاکانی حکومەت دا ، گەر پسپۆڕیش بێ لە بوارێک دا ، بواری پێ نادەن ڕۆڵی خزمەت و پسپۆری خۆی ببینێ ، دەخرێتە پەراوێزەوە .

کەسێکی سەر بە خانەوادو بنەماڵەو خێڵ و حیزب ، گەر بێ تواناو بێ بڕوانامەش بێ ، لە کایەکان دا دادەنرێت ، گرنگ ئەوەیە هیچ لە بارە نەبووە ، سەر بە خانەوادو بنەماڵە و کۆیلەی حیزبە.

ئەو کەسە بێ توانایا ماستاوچی و لەب لەبانانە ، دەکرێن بە خاوەنی بڕیار ، ئەمەش بەجۆرێک کاریگەری سلبی لە ئۆرگانەکانی حیزب و دام و دەزگاکانی پەرلەمان و حکومەتی دا دروست کردوە .

ڕۆژانە دەیان دیاردەی سلبی نەشیاو نابەجێ لە دام ودەزگاکان دا دەبینرێ، ئەم گۆڕستانی خێڵی خانەوادەو بنەماڵەو عەشرەتگەروشێخایەتی یە و تەریقەتی ئاینی و حیزبایەتی یە ،سەرچاوەی ناعەدالەتین ، کاردانەوەی خراپیان هەیە لەسەر کۆمەڵگا .

کۆمەڵگا ی کوردی ، بەرەو هەڵدێر بردوە ، ئایندەیەکی تاریکی تیا دەبینین ، تروسکەیەک ڕۆشنایی لێ نابینین .

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود









YADNAMA
# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sharazwri@gmail.com
009647701961087
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703

